# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر کەریم**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. سالَح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەدزادە**



**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

ISSN: 2520-4106

http;//gov.krd/ka

# بایەخی نووسینەوەی ڕووداوی مێژوویی لە "ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی"دا (١٩٨٦-١٩٨٨)

## (توێژینەوەیەکی مێژوویی-شیکارییە)

**محەمەد کەریم سەعید**

ماستەر لە بەشی ڕاگەیاندن/کۆلێژی ئاداب/
زانکۆی سەلاحەدین
mehemedkerim@gmail.com

**سیروان مەحموود ڕەشید**

کۆلێژی تەکنیکیی سۆران/
زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
Sirwan.Mahmood@epu.edu.iq

**پوختە:**

ڕۆژنامەگەریی شۆڕشگێڕی، یان وەک پێشی دەگوترێت ڕۆژنامەگەریی شاخ، لە پاڵ ڕۆڵی بەرچاوی لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی و بەرزکردنەوەی گیانی بەرگری و جۆشدانی ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان بۆ گرتنەبەری ڕێگەی خەبات و داکۆکیکرن لە خاک و مانەوەی میللەتەکە، بایەخێکی زۆریشی لە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ئەوکاتی سەردەمی شۆڕش و ئەو کارەساتانەی بەسەر گەلی کوردستاندا هاتوون؛ هەبووە. ئەرشیڤێکی زۆریشی بنیاد ناوە کە ئەگەر بە چاوی وردبینی و هەڵسەنگاندنەوە لێی ڕابمێنین، دەتوانین شایەدی بۆ گرنگی و دەوڵەمەندییەکەی بدەین.

ڕۆژنامەی "ئاڵای ئازادی"یش وەک ئۆرگانی ناوەندی حزبی سۆسیالیستی کوردستان - عێراق/ ئیتیجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، خولی یەکەمی کەوتووەتە سالانی (١٩٨٦-١٩٨٨)، بۆ ئەو سەردەمە بەهای مێژوویی خۆی هەیە.

سەردەمی دەرچوونی ڕۆژنامەکە کۆمەڵێک ڕووداوی گرنگ لەخۆ دەگرێ، ئەوانیش: شەڕی چەکداری لەگەڵ حکومەتی ئەوکاتی عێراق، ڕاگواستن و پرۆسەی ئەنفال، جەنگی هەشت ساڵەی عێراق-ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨)، پرسی فەڵەستین و چەندین ڕووداوی دیکەی ناوچەکە، کۆی ئەو بابەتانەن کە لە دووتوێی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی جێگەیان گرتووە و کاریگەرییان لە سەر ڕووداوەکانی دوای خۆیشیان دروست کردووە، بۆیە دەرخستنیان؛ ئامانجی ئەو توێژینەوەیە پێک دەهێنن.

ئەم توێژینەوەیە لە چەندین گۆشەنیگای زانستییەوە لێکۆڵینەوە لە بایەخی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی لە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان و ئەو قۆناغە گرنگ و هەستیارەی شۆڕشدا دەکات.

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانیشی، دەرخستنی بایەخی ڕۆژنامەی "ئاڵای ئازادی"یە لە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان. توێژینەوەکە

**بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانـی، میتـۆدی "مێژوویی-شـیکاری"ی بـەکار هێنـاوە، لـە ڕێگـەی سـوودوەرگرتن لــە کەرەســتەی فۆرمــی شــیکردنەوەی خشــتە.**

**توێـژەران گەیشـتوونەتە ئـەو دەرئەنجامـە کـە ناکرێـت تەنیـا لـە گۆشـەنیگای مێـژووی ڕۆژنامەگەرییـەوە سـەیری ڕۆژنامەکـە بکرێـت، بەڵکـوو گرنگـە وەکـوو سـەرچاوەی سـەرەکی بـۆ سـاخکردنەوەی زۆرێـک لـە ڕووداوە مێژووییەکانـی ئـەو سـەردەمە، پشـت بـە ڕۆژنامـەی ئـاڵای ئـازادی ببەسـترێت.**

**کلیلەوشەکان: نووسینەوە، ڕووداوی مێژوویی، ڕۆژنامە، ئاڵای ئازادی**

**پێشەکی**

لەگــەڵ ئــەوەی ئامرازەکانــی ڕاگەیاندنــی شۆڕشــەکانی کوردسـتان بـە سـادەیی و توانایەکـی کەمـی مـاددی و مرۆیـی کاریـان کـردووە، بـەڵام لـە گەیاندنـی پەیـام و ڕوونکردنـەوەی هەڵوێسـتی شـۆڕش و بڵاوکردنـەوەی هـەواڵ و چالاکـی، بـێ ڕۆڵ و کاریگـەری نەبـوون. هـەروەک زۆربـەی حـزب و لایەنـە سیاسـی و ڕێکخـراو و کۆمەڵـە کوردسـتانییەکان، لـە سـەختترین قۆناغـی خەباتـی ڕزگاریخوازیـی گەلـی کوردسـتاندا، چ بـە نهێنـی، چ لـە شـاخ و ناوجەرگـەی شـۆڕش، بڵاوکـراوە، ڕۆژنامـە، گۆڤـار و ڕادیـۆی خۆیـان هەبـووە.

یەکێـک لـەو بڵاوکراوانـەی لـە ڕۆژگارێکـی پـڕ ڕووداو و هەسـتیاری شۆڕشـی کوردسـتاندا، لـە شـاخ چـاپ و بـڵاو کراوەتـەوە، ڕۆژنامـەی "ئـاڵای ئـازادی، ئۆرگانـی ناوەنـدی حزبـی سۆسیالیسـتی کوردسـتان – عێـراق"ە. هـەر چەنـدە ئـەو ڕۆژنامەیـە بـە تەکنیکێکـی سادە کاری تێـدا کـراوە و وەک پێویسـتیش ڕەچـاوی بنەمـا پیشـەییەکانی کاری ڕۆژنامەوانیـی نەکـردووە، بـەڵام بایەخێکـی گـەورەی لـە تۆمـاری مێـژووی ڕۆژنامەوانیـی کـوردی هەیـە.

بـە دڵنیاییـەوە ڕوژنامەکـە وای کـردووە بـە سـەدان هـەواڵ و هەڵوێسـتی سیاسـیی گرنـگ، لـە نێویانـدا چالاکیـی پێشـمەرگە، ڕاگواسـتن و وێرانکردنـی گونـدەکان، گوللەبارانکـردن و لەسـێدارەدان، زیندانیکردنـی ڕۆڵەکانـی گەلـی کوردسـتان و بۆردوومانکردنـی خەڵکـی سـیڤیل لـە لایـەن حکومەتـی عێـراق، ڕووداوەکانـی شـەڕی نێـوان پێشـمەرگە و هێزەکانـی حکومـەت و جەنگـی نێـوان ئێـران - عێـراق و... هتـد؛ تێـدا تۆمـار بکرێـن.

ئـەم توێژینەوەیـە کـە توێژینەوەیەکـی مێژوویـی شـیکارییە، لـە چەنـد بەشـێک پێـک دێـت، بەشـی یەکـەم میتۆدنامـەی توێژینەوەکەیـە، کـە پێـک دێـت لـە کێشـە و گرنگـی و پرسـیار و ئامانجـەکان و جـۆر و میتـۆد و کۆمـەڵ و سـامپڵ و کەرەسـتەی توێژینەوەکـە، لەگـەڵ دیاریکردنـی چەمـک و زاراوەکان.

لـە بەشـی دووەمیشـدا، کـە خـۆی لـە چوارچێـوەی تیۆریـی توێژینەوەکـە دەبینێتـەوە، بـاس لـە ڕۆژنامـە و شـۆڕش و ڕۆژنامەوانیـی کـوردی لـە سـەردەمی شـاخ و قۆناغـی شۆڕشـگێڕی، مێـژووی دەرچـوون و چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ڕۆژنامـەی ئـاڵای ئـازادی و شـێوە و پەیـام و ناوەڕۆکەکـەی دەکات.

بەشـی سـێیەمیش تایبەتـە بـە شـوێنی ڕووداوەکان لـە ڕۆژنامـەی "ئـاڵای ئـازادی"دا، کـە تیایـدا بابەتەکانی ڕۆژنامەکـە بەسـەر چەندیـن بـواردا پۆلێـن کـراون و شـیکارییان بـۆ کـراوە. لـە کۆتاییشـدا لـە چەنـد خاڵێکـدا دەرئەنجامـەکان خراونەتـە ڕوو.

**بەشی یەکەم**

**میتۆدنامەی توێژینەوەکە**

**١,١. ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە**

**١,١,١. کێشەی توێژینەوەکە**

کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە ناڕوونی و تەمومژاوییوونی بایەخی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، لە نووسینەوەی ڕووداوە مێژووییەکانی قۆناغێکی گرنگی شۆڕشی کوردستان لە ساڵانی (١٩٨٦-١٩٨٨)دا؛ دەبینێتەوە. بە شێوەیەک دەکرێ بۆ ڕوونکردنەوە و گەیشتن بە کرۆکی مەبەست، کێشەی توێژینەوە لەو پرسیارە سەرەکییەدا کورت بکرێتەوە: ئایا ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی چ بایەخێکی هەبووە لە نووسینەوەی ڕووداوە مێژووییەکانی شۆڕشی کوردستان لە ساڵانی (١٩٨٦-١٩٨٨)دا؟

**٢,١,١. گرنگیی توێژینەوەکە**

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە زانین و گەیشتن بە ئەنجامێکی دروست، لە ئاستی بایەخی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، لە تۆمارکردنی چەندین ڕووداوی مێژوویی قۆناغێکی گرنگ و هەستیاری شۆڕشی کوردستاندا دەبینێتەوە. بە دڵنیاییەوە دەرخستنی پێگەی ئەو ڕۆژنامەیە و هەروەها زانینی زانیاری لە بارەی ئەم ڕۆژگارە، نەک تەنیا بۆ توێژەرانی مێژوو بە گشتی و مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە تایبەت گرنگ و پێویستە، بەڵکوو بۆ خوێنەر و کایەی ڕۆشنبیری و مێژووی گەلی کوردستانیش گرنگ و سوودبەخشە.

**٣,١,١. پرسیارەکانی توێژینەوەکە**

١. ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا چ ئاستێک گرنگیی داوە بە ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و شەڕی پارتیزانی؟

٢. ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا چ ئاستێک گرنگیی داوە بە پرسی خاک و ڕاگواستنی دانیشتووانی گوند و ئاواییەکان و تێکدان و وێرانکردنی کوردستان؟

٣. ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا چەند بایەخی داوە بە پرس و ڕووداوەکان لە سەر ئاستی عێراق و ناوچەکە و جیهان؟

٤. ڕۆژنامەی ئاڵای ئازدی چ کاریگەرییەکی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری و هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژگاری خۆیدا؟

**٤,١,١. ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

١. دەرخستنی بایەخی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی لە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و شەڕی پارتیزانی.

٢. دەرخستنی ئاستی گرنگیدانی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی بە پرسی خاک و ڕاگواستنی دانیشتووانی گوند و ئاواییەکان و تێکدان و وێرانکردنی کوردستان.

٣. دیاریکردنی بایەخی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی بە پرس و ڕووداوەکان لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە و جیهان.

٤. خستنەڕووی کاریگەریی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازدی لە بڵاوکردنەوەی زانیاری و هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژگاری خۆیدا.

**٥,١,١. جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە؛ توێژینەوەیەکی "مێژوویی-شیکاری"یە. بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامێکی ڕوون، پشتی بە ڕێبازی "ڕاگواستنی مێژوویی و شیکردنەوەی خشتە" بەستووە.

**٦,١,١. کۆمەڵی توێژینەوەکە**

کۆمەڵی توێژینەوەکە خۆی لە (١٦) ژمارەی خولی یەکەمی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، لە نێوان (١٩٨٨-١٩٨٦)دا، دەبینێتەوە. لەم خولەدا ڕۆژنامەکە ٢٠ ژمارەی لێ چاپ و بڵاو کراوەتەوە، بەڵام بە هۆی دەستنەکەوتن و ونبوونی چوار ژمارەی ڕۆژنامەکە، تەنها (١٦) ژمارە کۆمەڵی توێژینەوە پێک دەهێنن.

**٧,١,١. سامپڵی توێژینەوەکە**

سامپڵی توێژینەوەکە ڕووداو و هەڵوێستی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتیی سەردەمی دەرچوونی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، خولی شاخ (١٩٨٦-١٩٨٨)، لەسەر ئاستی کوردستان و ناوچەکە بەخۆوە دەگرێت.

**٨,١,١. کەرەستەی توێژینەوەکە**

**یەکەم: فۆرمی شیکردنەوەی خشتە**

توێژینەوەکە بە مەبەستی دەستخستنی زانیاری لە بارەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی دەیتاکان، فۆرمی شیکردنەوەی خشتە بەکار دەهێنێت.

**دووەم: چاوپێکەوتن**

لـــەم توێژینەوەیـــەدا چاوپێکەوتـــن لەگـــەڵ ئەندامێکـــی دەســـتەی نووســـەرانی ڕۆژنامەکـــە کـــراوە، بـــە ئامانجـــی وەرگرتنـــی زانیـــاری و ڕوونکردنـــەوەی پێویســـت لـــە بـــارەی چەنـد پرسـێکی پەیوەندیـدار بـە بابەتـی توێژینەوەکـە، بـە تایبـەت زانینـی دیـد و سـتراتیژیەتی سـتافەکە و چۆنیەتیـی مامەڵەکردنیـــان لەگـــەڵ ڕووداوەکانـــی ســـەر گۆڕەپانـــی کوردسـتان و عێـراق لـە قۆناغـی دەرچوونـی ڕۆژنامەکـەدا.

**٢,١. ناساندنی چەمک و زاراوەکان**

**یەکەم: نووسین**

نووسـین پرۆسـەیەکی ئاڵـۆزە، بـەر لـە هـەر شـتێک پێویسـتی بـــە بیرۆکـــە، پـــلان، ئامـــادەکاری، دڵنیابـــوون لـــە ڕوونـــی، ڕادەی زانیـاری، ئەزمـوون و حـەزی خـۆی بـۆ ئـەو بابەتـەی دەینووسـێت هەیـە. بـەو مانایـەی بریتییـە لـە وێناکردنـی بیرکردنـەوە، وردبینـی، ڕێکخسـتنی بیرۆکەکـە، گواسـتنەوە و تۆمارکردنـی (عبدالبـاري، ٢٠١٤: ٢١-٢٤). ئەگـەر لـە مێـژووی کۆنـدا هـەر ئامـاژە و نیشـانەیەک وەکـوو زانیاریـی گواسـتراوە سـوودی لـێ وەرگیرابـێ و دواجـار مۆرکـی تۆمـاری مێژوویـی وەرگرتبێـت، ئـەوە لـە دوای ئـەو پێشـکەوتنانەی کاغـەز و مەرەکـەب بەخۆیانـەوە بینـی، ئێمەمانانـی بـەو ئەنجامـە گەیانـدووە کـە مەبەسـت لـە نووسـین مانابەخشـینە بـەو ڕەمـز و ئاماژانـەی هـەر نەتەوەیـەک لـە سـەر بنەمـای یاسـا و ڕێسـای تایبـەت بـە خـۆی بـۆ گەیاندنـی پەیـام بـەکاری دەهێنێـت.

**دووەم: ڕووداوی مێژوویی**

ڕووداوی مێژوویـی تـەواوی ئـەو ڕووداوانـە لەخـۆ دەگرێـت کـە دەرهاویشـتە و کاریگـەری بـەدوای خۆیانـدا دێنـن، ئینجـا ئـەو ڕووداوە سیاسـی، کۆمەڵایەتـی، ئابـووری، یـان کارەسـاتێکی سروشـتی، یـان پەیوەندیـدار بێـت بـە تـاوان و تاوانکارییـەوە. بـەو مانایـەی هەمـوو ئـەو کردارانـەی لـە کات و شـوێنی جیـاواز ڕوو دەدەن و کاریگەریـی بچـووک یـان گەورەیـان لـە سـەر دەوروبـەر هەیـە، لـە فۆرمـی ڕووداوی مێژوویـی وێنـا دەکرێـن. بـە گشـتی "ڕووداوی مێژوویـی لـە دەرئەنجامـی تێگەیشـتن لـە بەڵگـەکان و لێکۆڵینـەوە لـە ڕەگەزەکانـی نووسـینەوەی مێژوویـی لـە بابەتـی دەسـتنووس، وێنـە، گێڕانـەوەی زارەکـی... هتـد؛ سـەرچاوە دەگرێـت" (الحسـناوي، ٢٠٢١: ٩٧).

**سێیەم: ڕۆژنامە**

بریتییـە لـە بڵاوکراوەیـەک لـە فۆرمێکـی ڕۆژنامەوانیـی چاپکـراودا، کـە خـۆی لـە کۆمەڵێـک لاپـەڕەی کاغەزیـدا دەبینێتـەوە و لـە ژێـر ناوێکـدا، ڕۆژانـە، یـان هەفتانـە، یاخـود ناوبەنـاو، دەردەچێـت. ڕۆژنامـە بـە پلـەی یەکـەم بایـەخ بـە هـەواڵ و ڕووداوەکانـی ڕۆژ دەدات، هەروەهـا ڕاپـۆرت، ڕیپۆرتـاژ، وتـار، ڕیـکلام و ئـاگاداری... هتـد؛ لەخـۆ دەگرێـت. بـە گوێـرەی "معجـم الوسـيط"، ڕۆژنامـە بریتییـە لـە چەنـد لاپەڕەیەکـی ڕۆژانـە، هەفتانـە، یـان مانگانـە، کـە لـە کاتێکـی دیاریکـراوی ڕێکوپێکـدا چـاپ و بـڵاو دەبێتـەوە (ئەبـو زەیـد، ٢٠٠٦: ١٣). ئەوانـەی کاریـش لـە ڕۆژنامـەدا دەکـەن، پێیـان دەگوترێـت ڕۆژنامـەوان کـە بـە پێـی بنەمـا پیشـەییەکانی کاری ڕۆژنامەوانـی، ئەرکێـک لـە ئەرکەکانـی بەڕێوەبـردن، پەیامنێـری، نووسـین، نەخشەسـازی، وێنەگـری و کاریکاتـۆری... هتـد؛ ڕادەپەڕێنـن.

**چوارەم: ئاڵای ئازادی**

ئـاڵای ئـازادی وەکـوو ڕۆژنامەیەکـی سیاسـیی گشـتی، بـە ناسـنامەی ئۆرگانـی ناوەنـدی حزبـی سۆسیالیسـتی کوردسـتان - عێراق/ئیتیجاهـی دیموکراتـی شۆڕشـگێڕ، یەکـەم ژمـارەی لـە ئـاداری ١٩٨٦دا چـاپ و بـڵاو کراوەتـەوە، دوا ژمارەشـی هـەر لـە شـاخ لـە حوزەیرانـی ١٩٨٨دا چـاپ کـراوە.

ئـەو ڕۆژنامەیـە کـە بەشـێکە لـە مێـژووی حزبەکـەی، بۆیـە بێبـەش نەبـووە لـەو گۆڕانکارییانـەی کـە حزبەکەشـی بەخۆیـەوە بینیـی. کاتێـک لـە نیسـانی ١٩٨٨دا حزبـی سۆسیالیسـتی کوردسـتان - عێـراق/ ئیتیجاهـی دیموکراتـی شۆڕشـگێڕ، یەکەمیـن کۆنفرانسـی دەبەسـتێت و نـاوی بـۆ حزبـی زەحمەتکێشـانی کوردسـتان - عێـراق دەگۆڕێـت، پێناسـەی ڕۆژنامەکـەش گۆڕانـی بەسـەردا دێـت و دەبێتـە ئۆرگانـی ناوەنـدی حزبـی زەحمەتکێشـانی کوردسـتان - عێـراق (ئاکۆیـی، ٢٠٢٢: ٢٤٧).

ڕۆژنامەکـە بـە پلـەی یەکـەم بایەخـی بـە خەباتـی ڕزگاریخوازیـی گەلـی کوردسـتان داوە. هـەروەک بەرخـودان و چالاکیـی پێشـمەرگە، ڕاگواسـتن و وێرانکردنـی گوندەکانـی

کوردستان، دەنگوباسی شارەکانی عێراق بە گشتی و کوردستانی عێراق بە تایبەتی لە سەردەمی دەسەڵاتی حزبی بەعس؛ لە دووتوێی لاپەڕەکانی ڕەنگیان داوەتەوە.

**بەشی دووەم**

**بایەخی نووسینەوەی ڕووداوی مێژوویی لە ڕۆژنامەگەریی شاخدا**

**١،٢. ڕۆژنامە و نووسینەوەی ڕووداوەکان**

**١،٢،١. ڕۆژنامە و شۆڕش**

هیچ شۆڕش و بزاڤێکی ڕزگاریخوازیی گەلان بێ میدیایەکی کاریگەر نەیتوانیوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەگەڵ جەماوەر دروست بکات و ئامانج بپێکێ. هەروەک زۆر لە مێژە، لە سەردەمە جیاوازەکانی خەباتی گەلاندا، شۆڕشگێران لە ڕێی ڕۆژنامەوانیی شۆڕشگێڕییەوە کار بۆ چەسپاندنی بنەماکانی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلەکانیان دەکەن، هەوڵ دەدەن لەو ڕێیەوە کێرڤی جەماوەرییان بەرز بکەنەوە. دیارە بە بێ بوونی ڕۆژنامەگەرییەکی بەهێز؛ زەمینەی سەرکەوتن، پێشکەوتنی خەبات و شۆڕشیش ئاسان نابێت. هەروەک کارڵ مارکس (١٨١٨-١٨٨٣) پێی وایە ئەگەر بە تێگەیشتنێکی دروست کار لەسەر ڕۆژنامەگەریی شۆڕشگێڕی نەکرێت کە بۆ ئەو قۆناغی شۆڕش و خەباتی گەلان گرنگ و پێویستە، زەحمەتە هیچ شۆڕشێک ڕێچکەی خۆی وەربگرێ و بە ئاسانی ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکانی سەردەمەکەی ببێتەوە (هارمان، ٢٠١٤: ٤٤).

زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم بە لای کەمەوە لە قۆناغە سەرەتاییەکانیاندا چوونەتە کۆڕی تیکۆشانەوە دژی دەستەڵاتی بێگانە لە وڵاتدا، زۆر جاریش دژی ئەو سەرکردانە وەستاونەتەوە کە بەرژەوەندیی تەواوی نیشتمانەکەیان بەهەند وەرنەگرتووە. ئەو ململانێیەش بە ململانێیەکی ناوخۆیی لێک دراوەتەوە. ئەگەر دوورتر بڕوانینە مێژوو، شتێکی سەرنجڕاکێشە کاتێک دەبینین ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش بە قۆناغی ڕۆژنامەگەریی شۆڕشگێڕی تێپەڕیوە، کە دەیان ساڵ پێش بەرپابوونی جەنگی ناوخۆیی و لە کاتی جەنگیشدا درێژەی کێشاوە (هستر، ٢٠٠٧: ٧٣).

هەڵبەتە میدیای شۆڕش؛ میدیایەکی هۆشیارە، ڕوانگەیەکی ڕوونی هەیە، بە وردی شەڕی دژبەرەکانی دەکات، مەبەستیەتی جەماوەر لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بگوازێتەوە، بۆیە لە توانایدا هەیە کاریگەری لەسەر دژبەرەکانی دروست بکات، بیروباوەڕی کۆمەڵ بگۆڕێت، ڕۆژانە لایەنگری نوێ بۆ ڕەوت و بیروباوەڕەکەی زیاد بکات (رزق، ٣ كانون الأول ٢٠١٥).

بە هەموو پێوەرێک، ڕۆژنامە شۆڕشگێڕییەکان خۆیان تەرخان دەکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هێزانەی کە خەڵکی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو حەز ناکەن فەرمانڕەواییان بکەن و هەوڵی ئەوە دەدەن کە لەسەر کار لایان بەرن، هەروەها تێدەکۆشن بۆ گۆڕینی وڵات و زاڵبوون بەسەر مشەخۆری و چاککردنی پاشەڕۆژی میللەت. ئەوەی ڕوونە، کاری ئەو جۆرە ڕۆژنامەگەرییە تەنیا بڵاوکردنەوەی ڕووداوەکان و شیکردنەوەیان نییە، بەڵکوو لە پاڵ ئەوەشدا ڕووناکی دەخاتە سەر بارودۆخی ناهەموار و ڕووخێنەر و هەوڵی نەهێشتنی واقیعی داسەپاو دەدات (هستر، ٢٠٠٧: ٧٣).

بە درێژایی زۆربەی شۆڕش و جووڵانەوە ئازادیخوازییەکانی گەلانی ژێردەست و چەوساوە، میدیای شۆڕشگێڕی بێ ڕۆڵ و کاریگەری نەبووە، لە نێویشیاندا گەلی کوردستان ساڵانێکی زۆرە بەو جۆر میدیایە ئاشنایە و لە زۆر قۆناغی خەباتی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیدا خاوەنی ڕۆژنامەگەریی شۆڕشگێڕی بووە.

**٢،٢،١ ڕۆژنامەوانیی کوردی لە سەردەمی شاخ و قۆناغی شۆڕشگێڕی**

ڕۆژنامەوانیی کوردی بە درێژایی خەباتی شاخ و قۆناغی بزاڤی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی لە باشووری کوردستان، هەر لە سەردەمی ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموودی حەفیدەوە (١٩١٩-١٩٣١) تا دەگاتە ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە هۆشیارکردنەوە و بەئاگاهێنانەوە و گەیاندنی زانیاری بە خەڵکی کوردستان هەبووە، بە تایبەتییش ڕۆژنامەوانیی نووسراو و بیستراو، چونکە تاکە سەرچاوەی هۆشیاریی نەتەوایەتی و چینایەتی و نیشتمانی بووە، بەڵگەش بۆ ئەمە پەرۆشیی خوێنەری کورد بوو

بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـەو جـۆرە ڕۆژنامەوانییـەی شـاخ و دەستاوەدەستكردنی بـە نهێنـی لـە نـاو خەڵكـی و گۆشـكردنی نـەوەی نـوێ بـە بیـری پێشـكەوتنخوازانە و سـەردەمییانە. بـە هـۆكاری ئەمـەش، حزبـی بەعـس بـە هەمـوو توانایـەوە ڕێگریـی لـە بڵاوكردنـەوە و گەیشـتن و گەیاندنـی ئـەو جـۆرە ڕۆژنامەوانییـە و شـاردنەوە و قەدەغەكردنـی لـە جەمـاوەر دەكـرد (ڕەشـید، ٢٨ی ئابـی ٢٠٢٣).

لـەم سـۆنگەیەوە، "ئـاڵای ئـازادی"ی لـە سـەروتاری ژمـارە (١)ی خۆیـدا، زۆر بـە ڕوونـی لـە بـارەی میدیـای شـۆڕش و كاریگەریـی لـەم ڕۆژگارە چارەنووسسـازەدا دەنووسـێت. تیایـدا هاتـووە: "ڕاگەیاندنێكـی شۆڕشـگێڕانە و ڕاسـتگۆیانەی هێـزە پێشـكەوتنخواز و شۆڕشـگێڕەكان، هـەر زۆر پێویسـت بـووە بـۆ بەرپەرچدانـەوە و پووچكردنـەوەی ئـەو چەكـەی دەسـتی ڕژێـم و ڕیسـواكردن و دەرخسـتنی ناوەرۆكـی سیاسـەتە فاشـییەكەی". هەروەهـا ئامانجێكـی تـری ئـەو ڕاگەیاندنـە: "هۆشـیاركردنەوە و بەرزكردنـەوەی ئاسـتی سیاسـی و فیكریـی جەمـاوەر و گۆشـكردنی لاوان بـە بیروبـاوەڕی نیشـتمانپەروەری و پێشـكەوتنخوازی و سـڕینەوەی هـۆكار و شـوێنەواری فیكـری شـۆفینی و بورژواییانـە لـە مێشـك و هەڵسـوكەوتیاندا" (سـەروتار، ١٩٨٦، ژ١: ٧). ئەمـەش دەرخـەری ئەوەیـە ڕاگەیاندنـی قۆناغـی شـاخ؛ ڕاگەیاندنێكـی ئاڕاسـتەكراوی شۆڕشـگێڕی بـووە، بـە ئایدیـا و بیرۆكـەی بەرەنگاربوونـەوە كاری كـردووە.

هەڵبەتـە بڵاوكراوەكانـی شـاخ زۆربـەی كات لـە ئەشـكەوتەكان بـە ڕۆنیـۆ ڕادەكێـشران و ڕۆنیـۆش بـە دەسـت كاری دەكـرد. هەمـوو كەلوپەلەكانـی چـاپ زۆر سـادە و سـەرەتایی بـوون، بـەڵام كاری مەزنیـان پـێ دەكـرا، ئومێـدی گەورەیـان دەبەخشـی و خەڵـك بـڕوای بـە ناوەرۆكیـان دەكـرد. بڵاوكراوەكانـی شـاخ دەستاوەدەسـتیان دەكـرد و زۆر جـار تـەواوی چاپكـراوەكان جارێكـی دیكـە لـە شـارەكان بـە دەسـت دەنووسرانـەوە و بـە نێـو خەڵكـدا بـڵاو دەكرانـەوە (سـەپان، ١١ی تەممـووزی ٢٠١٧).

### ٣,٢,١. مێـژووی دەرچـوون و چـاپ و بڵاوكردنـەوەی ڕۆژنامـەی ئـاڵای ئـازادی

ئـاڵای ئـازادی؛ ئۆرگانـی ناوەنـدی حزبـی زەحمەتكێشـانی كوردسـتان[1]، لـە سـەردەمی شـۆڕش لـە سـاڵی (١٩٨٦-١٩٨٨) دا بـە شـێوەی مانگانـە (٢٠) ژمـارەی لـێ بـڵاو كراوەتـەوە. ڕۆژنامەكـە لـە ژمـارە (١-١٨) وەک ئۆرگانـی ناوەنـدی حزبـی سۆسیالیسـتی كوردسـتان - عێراق/ئیتیجاهـی دیموكراتـی شۆڕشـگێڕ، خـۆی وێنـا دەكات، درووشمەكەشـی بریتـی بـووە لـە "دیموكراسـی بـۆ عێـراق و ئۆتۆنۆمیـی ڕاسـتەقینە بـۆ كوردسـتان"، بـەڵام دوای بەسـتنی یەكەمیـن كۆنفرانسـی حزبەكـە و گۆڕینـی ناوەكـەی، ڕۆژنامەكـە وەک ئۆرگانـی "حزبـی زەحمەتكێشـانی كوردسـتان – عێـراق" خـۆی دەناسـێنێ و درووشمەكەشـی دەبێتـە "دیموكراسـی بـۆ عێـراق و مافـی چـارەی خۆنووسـین بـۆ گەلـی كـورد" (ئاكۆیـی، ٢٠٢٢: ٢٤٧).

ڕۆژنامەكـە بـە دیالێكتـی كرمانجیـی خـواروو و ئەلفوبێـی كـوردی بـڵاو كراوەتـەوە. ژمـارە (١-٧)ی ئـاڵای ئـازادی، لـە گونـدی "كۆڵـەكا"ی بـەری نزارێـی بنـاری پێـرس لـە سـنووری بـارزان دەرچـووە. ژمـارە (٨-٢٠)یـش لـە گەلـی تۆبـای نزیـك گونـدی "كافیـا"ی ناوچـەی زێبارەتـی دەرچـووە (ئاكۆیـی، ٢٠٢٢: ٢٤٦).

سـەرچاوەی هـەواڵ و ڕاپۆرتەهەواڵـی ئـاڵای ئـازادی هەمەجـۆر بـوون، كـە دەكـرێ بـەم شـێوەیە پۆلێـن بكرێـن (تەنیـا و زەنـدی، ٢٠٢٢: ٤):

١. لـە ڕێگـەی بەشـی ئەنسـات، گـوێ لـە ڕادیـۆ جیهانییەكانـی وەک: (لەنـدەن، مۆنتیكارلـۆ، دەنگـی ئەمەریـكا) گیـراوە و هەواڵـەكان تۆمـار كـراون و لـە لایـەن دەسـتەی نووسـەرانەوە گوڵبژێـر كـراون و ئەوانـەی بەكەڵـك هاتـوون؛ هەواڵیـان لـێ دروسـت كـراوە.
٢. سـوود لـە ڕادیۆكانـی عێـراق وەرگیـراوە و هەندێـک جـار تەنزەهەواڵیـان لەسـەر داڕێژراوەتـەوە.
٣. نامـە و ڕاپۆرتـی مانگانـەی ڕێكخسـتنە نهێنییەكانـی نـاو شـارەكان؛ سـەرچاوەیەكی باشـی زانیـاری بـوون بـۆ دەسـتەی نووسـەران.
٤. ئامێـری بێتەلـی مەفرەزەكانـی پێشـمەرگە؛ هۆكارێكـی باشـی سـەرچاوەی هـەواڵ و زانیـاری بـوون.
٥. خەڵكـی ناوچەكانـی ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە، سـەرچاوەیەكی دیكـەی هـەواڵ و زانیاریـی ڕۆژنامەكـە بـوون.

نووسـەرانی سـەرەکیی ئـاڵای ئـازادی بریتـی بـوون لـە: (ئاسـۆ حەسـەن[٢] (سەرنووسـەر)، قـادر عەزیـز[٣]، مامۆسـتا دارا[٤]، هـەژار دیدەوانـی[٥]، ڕابـەر ڕەشـید[٦] و هەڵمـەت[٧]) (ئاکۆیـی، ٢٠٢٢: ٢٤٧).

ئـاڵای ئـازادی لـە ڕووی کاتـی دەرچوونیـەوە بڵاوکراوەیەکـی ڕێـک و ورد (دقیـق) نەبـووە، هـەر مانگێـک ژمارەیەکـی لـێ دەرنەچـووە، جـاری وا بـووە ژمارەیـەک دەرچـووە، دوای زیاتـر لـە مانـگ و دوو مانـگ ئینجـا ژمارەیەکـی تـر دەرچـووە، بـۆ نموونـە: ژمـارە (١) لـە ئـاداری ١٩٨٦ دەرچـووە، دوای دوو مانـگ ئینجـا ژمـارە (٢)ی لـە ئایـاری ١٩٨٦ دەرچـووە. ژمـارە (٣) لـە حوزەیرانـی ١٩٨٦ دەرچـووە. ژمـارە (٤) لـە ئابـی ١٩٨٦ دەرچـووە. ژمارەکانـی (٨ و ٩)، (١٠ و ١١)ش بـە هەمـان شـێوە چـاپ و بـڵاو بوونەتـەوە (تەنیـا و زەنـدی، ٢٠٢٢: 4،5 ). هـاوکات لەگـەڵ دەرچوونـی ڕۆژنامەکـە بـە زمانـی کـوردی، پاشـکۆیەکی ڕۆژنامەکـە بـە زمانـی عەرەبـی بـە نـاوی "رایـة الحریـة[٨]" بـڵاو کراوەتـەوە.

خولـی دووەمـی ڕۆژنامەکـە لـە تەمـموزی ساڵی ١٩٩١دا بـە هەشـت لاپـەڕە بـڵاو کراوەتـەوە. لـە یەکەمیـن ژمـارەی ئـەو خولـە، ڕوونکردنەوەیـەک بـڵاو کراوەتـەوە و تێیـدا هاتـووە: ڕۆژنامەکـە دوای سـێ سـاڵ وەسـتان، لـە خولـی تازەیـدا بـە ڕەنـگ و دەنگێکـی نـوێ، بـە تایبـەت دوای یەکگرتنـی حزبـی زەحمەتکێشـانی کوردسـتان و ئـاڵای شـۆڕش -کۆنفرانـس، دێتـە خەباتـی مەیدانـی فکـری و سیاسـی (خەزنـەدار، ٢٠١١: ١٨١).

**٤،٢،١. بیرۆکە و پەیامی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی**

ئـاڵای ئـازادی لـە شـاخ و لـە قۆناغـی چەکداریـدا دەرچـووە، دەسـتەی نووسـەرانی ڕۆژنامەکـە تـەواوی توانـای خـۆی تەرخـان کـردووە بـۆ ئـەو ڕووداو و پێشـهاتانەی پەیوەندیـدار بـوون بـە خەباتـی ڕزگاریخـوازی و شـەڕی پارتیزانـی، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش بابەتەکانـی زیاتـر خۆیـان لـە هـەواڵ، ڕاپۆرتەهـەواڵ، ڕووداو، هێـرش و پەلامـار، تاوانەکانـی ڕەشـبگیری، گونـد سـووتان، هەڵوێسـتە شـۆڤێنییەکانی حزبـی بەعـس و چالاکییەکانـی پێشـمەرگە دەبینیـەوە، هەروەهـا ڕۆژنامەکـە بایەخێکـی زۆری بـە یەکڕیـزی، یەکخسـتنی هێزەکانـی باشـووری کوردسـتان و پەیوەندییـان لەگـەڵ پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتانیش داوە و دژی شـەڕی براکـوژی و پاوانخوازیـی سیاسـییش بـووە (ڕەشـید، ٢٨ی ئابـی ٢٠٢٣).

حزبـی سۆسیالیسـت هەوڵـی داوە لـە ڕێـگای ڕاگەیانـدن، هـەواڵ و دەنگوباسـەکانی شـۆڕش و چالاکـی و سـەرکەوتنەکانی هێـزی پێشـمەرگە؛ بـە جەمـاوەر و خەڵکـی هەنـدەران بگەیەنـێ و کێشـەی گەلـی کوردسـتان بـە ڕای گشـتی و جیهـان و سـەرجەم بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕیی دونیـا بناسـێنێ. لـە هەمـان کاتـدا تەنیـا بەرپەرچدانـەوەی شۆڕشـگێڕانەی هێرشـی ڕاگەیاندنـی حکومەتـی عێـراق و هۆشـیارکردنەوەی کۆمەڵانـی خەڵکـی زەحمەتکێشـی بـە ئەرکـی ڕۆژنامەگەریـی خـۆی نەدەزانـی، بەڵکـوو لـە بـواری خەباتـی دەروونیـی حزبیشـدا، پێـی وا بـوو دەبێـت ڕۆژنامەگەریـی حزبـی ڕۆڵێکـی دیـار و کاریگـەر لـە هۆشـیارکردنەوی کادیـر و ئەنـدام و پێشـمەرگەکانی حـزب ببینـێ و هەوڵـی پێگەیانـدن و پتەوکـردن و بەهێزکردنـی یەکێتیـی بیروبـاوەڕ و دیسـپلین لـە نێـو حزبەکـە بـدات. جگـە لـە هانـدان و ڕێکخسـتنیان بـۆ خەباتێکـی شـێلگیرانە و بەگژداچوونـەوەی هەمـوو پاشـماوە و هـۆکاری بیروبۆچوونێکـی دواکەوتووانـە و بۆرژوایانـە لـە نێـو حـزب و کۆمەڵیشـدا، بـە گەیشـتنە ئـەو بڕوایـەی ڕۆژنامەگەریـی حزبـی تەنهـا سـازێنەر و هانـدەری سیاسـی نییـە، بەڵکـوو ڕێکخەریشـە (سـەروتار، ١٩٨٦، ژ١: ٧).

لەسـەر ئـەو بنەمایـەش، لـە پـاڵ بایەخدانێکـی زۆر بـە هـەواڵ و ڕووداو و گۆڕانکارییـە ناوخۆیـی و هەرێمایەتـی و جیهانییـەکان و خسـتنەڕووی ڕۆڵـی ئیمپریالیزمـی جیهانـی لـەو نێوەنـدەدا، لـە ڕوانگەیەکـی شۆڕشـگێڕانەوە شرۆڤـەی ڕووداو و هەڵوێسـت و دۆخـی ئەوکاتـی کـردووە، بـە تایبەتییـش ناڕەزایـی ئـەو حزبـە بەرانبـەر شـەڕی کاولکاریـی عێـراق و ئێـران، دەسـتدرێژییەکانی حکومەتـی تورکیاشـی پرۆتسـتۆ کـردووە.

ڕۆژنامەکـە دونیابینییەکـی جیهانیـی هەبـووە بـۆ کـۆی ڕووداوەکانـی ئـەوکات، بـۆ نموونـە لـە ژمـارە (١) و لاپـەڕە (٢)دا بـە ناونیشـانی "ئەمەریـکا جارێکـی دیکـەش لووتـی دەشـکێ"، باسـی ڕۆڵـی ئیمپریالیـزم لـە سـەرکوتکردنی گـەلان دەکات و داکۆکـی لـە گەلانـی چەوسـاوە دەکات. لـە چەندیـن بابەتـی دیکەشـدا ئامـاژە بـە شۆڕشـی گـەلان و ڕۆڵـی حکومەتـە دیکتاتـۆر و داگیرکـەرەکان و بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازیـی

گەلانی ناوچەکە و دونیای کردووە لە بەرانبەر داگیرکەران، لە سەرانسەری جیهان بە گەلانی ئاسیا و ئەورووپا و ئەفەریقا و ئەمەریکای لاتینیشەوە (ڕەشید، ٢٨ی ئابی ٢٠٢٣).

**٥,٢,١. ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە**

لە ڕووی ژمارەی لاپەڕەکانیەوە بڵاوکراوەیەکی ناجێگیر بووە، هەر ژمارەیەک لەگەڵ ژمارەیەکی تر جیاواز بووە، بۆ نموونە ژمارە (١) هەشت لاپەڕەیە، ژمارە (٢) شەش لاپەڕەیە. بە گشتی تەواوی ژمارەکانی لە نێوان (٦-٨) لاپەڕەییدان. هەموو لاپەڕەکان بە ڕەنگی ڕەش نووسراون، تەنها مانشێت و ناونیشانی ئاڵای ئازادی و چەند هەواڵێکی لاپەڕە یەک بە ڕەنگی سوور نووسراون.

سەروتار و مانشێت لە هەموو ژمارەکاندا هەیە. سەروتار شوێنێکی جێگیری هەیە، لە لاپەڕەی یەکەم و لە دەستەچەپ ستوونێکی بۆ تەرخان کراوە. پاشماوەکانیشی چووەتە لاپەڕەکانی (٥ و ٧). یەک گۆشەی جێگیری هەیە، جگە لە ژمارە (١٩)ی تایبەت بە کۆنفرانس، ئەویش گۆشەی "لە ڕێگای ئازادیدا"ی دوا لاپەڕەیە کە تایبەتە بە ژیاننامەی شەهیدان. لەو ژمارانەی بەردەست، ژیاننامەی سێزدە شەهید بڵاو کراوەتەوە. قەبارەی ڕۆژنامەکە ئۆرجیناڵ (٣٣ × ٢٠,٨سم) بووە، نووسینەکانیشی لە پانتایی ١٩ پانی و ٣٠سم درێژی بڵاو کراونەتەوە. تیراژەکەشی لە نێوان (١٠٠-٣٠٠) دانەدا بووە (تەنیا و زەندی، ٢٠٢٢: ٥).

زۆربەی بابەتەکانی ئاڵای ئازادی وەکوو ڕۆژنامەیەکی بەرهەڵستکاری و شۆڕشگێڕی و ستراتیژی بەرنامەی کاری لە چوارچێوەی پرسی خاک و وێرانکردن و داگیرکردنی کوردستان خۆی دەنوێنێ. بۆ ئەمەش لە هەموو ژمارەکانیدا هەواڵی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و پاکتاوی نەژادی و سووتماککردنی گوند و باغ و کێڵگە کشتوکاڵییەکانی جووتیاران و گوندنشینانی کوردستان؛ لە پێشەوەی هەواڵەکانیدا بوون. سەرباری ئەمەش، ئاڵای ئازادی کاری بۆ بەدۆکیۆمێنتکردنی دەیان ڕووداوی گرنگ کردووە و ڕێکەوتی دەستدرێژی و تاوانکارییەکانیشی تۆمار کردوون. بۆ نموونە: لە ژمارە (١) و لە لاپەڕە (٣)دا، لە بابەتێک بە ناونیشانی "مەبەستە ڕەگەزپەرستانەکەی ڕژێم لە سیاسەتی خاک سووتاندندا" زۆر بە وردی ڕۆچووەتە ناو قووڵایی مەبەستەکانی ئەو سیاسەتە و دەرهاویشتەکانی، لە هەموو ژمارەکانیشدا بایەخی بەو پرسە داوە و چەندین بەڵگەی حاشاهەڵنەگری بڵاو کردووەتەوە (ڕەشید، ٢٨ی ئابی ٢٠٢٣).

وەک بەسەر لاپەڕەکانیەوە دیارە، ئاڵای ئازادی لە ستراتیژی دوژمنکارانە و داگیرکەرانەی حکومەتی عێراق و وەڵامدانەوەی ئەو سیاسەتە؛ هەڵوێستی ڕوونی هەبووە و ڕاستگۆیانە داکۆکیی لە مافی مرۆڤ و پرسی ئاشتیی نێودەوڵەتییش کردووە. لە پرسی ناوخۆیشدا، جەماوەری گەلی کوردستانی بۆ ڕاپەڕین و بەرخودان بەرانبەر سیاسەتی ئەنفال و کیمیابیاران و پاکتاوی نەژادی هان داوە.

ئاڵای ئازادی لە ڕێگەی ئەو هەواڵ و ڕووداو و وتارانەی بڵاوی کردوونەتەوە، ڕۆڵێکی بەرچاوی بە پێی ئاستی بڵاوبوونەوە و گەیشتنی بە شار و گوند و دەست ڕێکخستنە نهێنییەکان و خوێندکارانی زانکۆ و خەڵکی ڕەشوڕووت و زەحمەتکێشی باشووری کوردستان هەبووە، بەڵگەش بۆ ئەمە چەندین نووسەر و کەسایەتی بە هەواڵ و بابەتی جۆراوجۆر؛ هاوکاری و دەستباری ئاڵای ئازادییان کردووە (ڕەشید، ٢٨ی ئابی ٢٠٢٣).

**بەشی سێیەم**

**بایەخی نووسینەوەی ڕووداوەکان لە "ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی"دا**

**١,٣. شوێنی ڕووداوەکان لە ڕۆژنامەی "ئاڵای ئازادی"دا**

**١,١,١. هەواڵ و چالاکیی ناوخۆیی حزبەکە**

لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی ئۆرگانی حزبێکی کوردستانیی سەر گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و چەکداری بووە، لە دووتوویی لاپەڕەکانیدا بایەخێکی زۆری بە هەواڵ و چالاکییە نێوخۆییەکانی حزبەکە داوە. لە نێویاندا هەواڵەکانی تایبەت بە یادی دامەراندنی حزبەکە و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان و دەرچوونی بڵاوکراوەکانیان. بۆ نموونە؛ لە سێ ژمارەی ڕۆژنامەکە هەواڵی چاپ و بڵاوبوونەوەی ژمارەی نوێی "گۆڤاری پێشکەوتن"[٩] کە گۆڤارێکی حزبەکە بووە، بڵاو کراوەتەوە.

لــە دوو ژمــارەی "ئــاڵای ئــازادی"دا هەواڵــی بڵاوکرنــەوەی چاپەمەنییەکانــی حزبەکــە بــە شــێوەی نهێنــی لــە شــار و شارۆچکەکانی کوردستان و عێراق هاتووە، کە ئەمەش بۆ ئەو قۆناغ کارێکی ئاسان و بێ مەترسی نەبووە، بۆیە بە بایەخەوە باسی کراوە.

لە ژمارەی (١٩)ی ڕۆژنامەکەش، هەواڵی بەستنی یەکەمین کۆنفرانسی حزبەکە (حزبی سۆسیالیستی کوردستان - عێراق/ئیتیجاهی دیموکراتی شۆڕشگێر) پانتاییەکی زۆری پێ دراوە، کە لەو کۆنفرانسەدا ناوی حزبەکە دەگۆڕێت بۆ "حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان – عێراق". وردەکاریی زیاتر لە بارەی هەواڵ و چالاکییەکانی حزبەکە، لە خشتەی ژمارە (١)دا خراوەتە ڕوو.

**خشتەی ژمارە (١)**

تایبەت بە هەواڵ و چالاکیی ناوخۆیی حزبەکە

| ناوی بابەت | لاپەڕە | ژمارە | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|
| برووسکەی پیرۆزبایی بۆ ی. ق. ک | ٤ | ١ | ئازاری ١٩٨٦ |
| صوت الشبيبة الكردستانية (ژمارە ٩ی بڵاوکراوەی دەنگی لاوانی کوردستان بە زمانی عەرەبی لە سووریا چاپ و بڵاو کرایەوە) | ٥ | ١ | ئازاری ١٩٨٦ |
| پێشکەوتن (بڵاوبوونەوەی ژمارە ١ی گۆڤاری پێشکەوتن) | ٦ | ١ | ئازاری ١٩٨٦ |
| سێیەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی ی. ل. س. ک | ٦ (دوا لاپەڕە) | ٢ | ئایاری ١٩٨٦ |
| لە بیرەوەریی ٨ی ئابدا (ئاهەنگی یادی دامەزراندنی حزبەکە) | ١ | ٤ | ئابی ١٩٨٦ |
| هەڵوێستی شۆڕشگێری، نەک لادان و پاشگەزبوونەوە (بڵاوکردنەوەی نامیلکە) | ٤ | ٤ | ئابی ١٩٨٦ |
| ئەدەبیاتی حزب بە فراوانی بڵاو دەکرێتەوە (بەغدا، موسڵ، هەولێر، کەرکووک) | ٤ | ٦ و ٧ | تشرینی دووم/ کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ |
| پێشکەوتن (چاپ و بڵاوبوونەوەی ژمارە ٣ی گۆڤاری پێشکەوتن) | ٦ (دوا لاپەڕە) | ٩ | ئازاری ١٩٨٧ |
| لە جەژنی لاوە سۆسیالیستەکاندا )چوارەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی یەکێتیی لاوانی سۆسیالیستی کوردستان) | ١ | ١٠ | ئایاری ١٩٨٧ |
| ئەدەبیاتی حزب بە شێوەیەکی فراوان بڵاو دەبێتەوە | ٤ | ١٠ | ئایاری ١٩٨٧ |
| کۆبوونەوەی کۆمیتەی ئامادەکردن، هەنگاوێکی دیکەی بەرەوپێشبردنی حزبە. | ١ | ١١ | حوزەیرانی ١٩٨٧ |
| چەند برووسکەیەکی پیرۆزبایی | ٢ | ١٦ | شوباتی ١٩٨٨ |
| یەکەمین کۆنفرانسی حزب و سەرکەوتنێکی مەزن | ١ | ١٩ | ئایاری ١٩٨٨ |
| پێشکەوتن (بڵاوبوونەوەی ژمارە ٥ی گۆڤاری پێشکەوتن) | ٤ | ١٩ | ئایاری ١٩٨٨ |

**٢,١,٣. ڕووداوەکانی کوردستان**

ئــەو ســاڵانەی خولــی شــاخی ڕۆژنامــەی ئــاڵای ئــازادی بــە ڕۆژگارێکــی پــڕ ڕووداو دەژمێردرێــت کــە لــە مــاوەی ئــەو ســێ ســاڵەدا (١٩٨٦-١٩٨٨) کوردســتان زۆر ڕووداو و کارەساتی گەورەی بەخۆوە بینیوە، لەوانە: ڕاگواستنی گوند و ئاواییەکانی کوردستان، بۆردوومانکردن و کیمیاییبارنکردنی چەندین ناوچەی کوردستان لە لایەن حکومەتی عێراق، وێڕای چەند ڕاپەڕینێکی ناوخۆی ژمارەیەک شار و شارۆچکەی کوردستان و هەواڵی زیندانیکردن و ڕاوەدوونانی هاوڵاتییان، پەرەسەندنی هەژاری، پشکنینی ماڵەکان، بەجەیشی شەعبیکردن، دزی و ڕاووڕووت و دوکان بڕین، ئیعدامکردنی گەنجانی کورد و هەڕەشەکانی تورکیا بۆ پەلاماردانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی عێراق و شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەکانی پێشمەرگە.

لە کۆی ئەو ژمارانەی ئاڵای ئازادی، چەندین چالاکی و نەبەردیی پێشمەرگە تۆمار کراون، کە ئەمەش بایەخێکی زۆری بۆ نووسینەوەی مێژووی شۆڕش و بەرگری و ئازایەتیی پێشمەرگە هەیە و بەڵگەیەکی ڕوونی دۆخی ئاڵۆز و پڕ لە شەڕ و ململانێی ڕۆژگاری خۆیەتی.

هەڵبەتە تۆمارکردنی ڕووداوەکان لە کاتی خۆیدا، گرنگییەکەی نەک تەنیا وەک بڵاوکردنەوەی زانیاری لە دوای ڕووداوەکان بۆ خوێنەر دەردەکەوێت، بەڵکوو بۆ مێژووی گەلی کوردستان بە گشتی و توێژەرانی بوارەکانی مێژوو و ڕاگەیاندن ئەوەندەی دیکە بایەخی خۆی هەیە، چونکە ئەو زانیارییانە لە کات و ساتی خۆیاندا نووسراونەتەوە و گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە.

لەگەڵ ئەوەی لە سەر لاپەڕەکانی ئاڵای ئازادی هەواڵەکانی تایبەت بە شەڕی پارتیزانی و هێرش و پەلامارەکانی سوپای عێراق و ڕووداوەکانی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان پشکی شێریان بەر کەوتووە، بەڵام جیا لەمەش چەند هەواڵێکی ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و کۆچی دوایی کەسایەتییەکانیش بڵاو کراونەتەوە. بۆ نموونە لە ژمارە (٢)ی ڕۆژنامەکەدا هەواڵی کۆچی دوایی شاعیری ناسراوی کورد "هێمن موکریانی" و لە ژمارە (٩)شدا هەواڵی کۆچی دوایی "ئیدریس بارزانی" سەرکردەی دیاری پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاو کراونەتەوە (بڕوانە: خشتەی ژمارە ٢).

**خشتەی ژمارە (٢)**

تایبەت بە هەواڵ و ڕووداوەکانی کوردستان

| ناوی بابەت | لاپەڕە | ژمارە | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|
| ناحیەی قەراج و یەکەمین هەڵمەتی پێشمەرگە | ١ | ١ | ئازاری ١٩٨٦ |
| هەواڵێکی دڵتەزێن و تاوانێکی دڕندانە (دهۆک) | ١ | ١ | ئازاری ١٩٨٦ |
| لە ناوجەرگەی شەقڵاوەدا | ٨ (دوا لاپەڕە) | ١ | ئازاری ١٩٨٦ |
| شاڵاوی گرتن و گوللەبارانکردن (هەولێر) | ١ | ٢ | ئایاری ١٩٨٦ |
| پێشمەرگە هێزێکی گەورەی دوژمن تێک دەشکێنێ (مەخموور) | ١ | ٢ | ئایاری ١٩٨٦ |
| کۆچی دوایی هێمنی شاعیر (مەهاباد) | ١ | ٢ | ئایاری ١٩٨٦ |
| ڕاپۆرتێک لە هەولێرەوە (زیندانیکردن و ئیعدامکردنی گەنجانی کورد) | ٣ | ٢ | ئایاری ١٩٨٦ |
| بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە (پەلاماردانی چەکدارانی ڕژێم بۆ سەر دوو گوندی دەشتی هەولێر) | ٣ | ٢ | ئایاری ١٩٨٦ |
| لە بەرامبەر هەڵمەتی پێشمەرگە دوژمن خۆ ناگرێ (قەراج) | ٤ | ٢ | ئایاری ١٩٨٦ |
| پێشمەرگە دەچێتە ناو شاری هەولێر | ٤ | ٢ | ئایاری ١٩٨٦ |
| ناڕەزایی و خۆپیشاندان دژی شەڕ (هەولێر) | ١ | ٣ | حوزەیرانی ١٩٨٦ |
| دوو چالاکیی پێشمەرگە (قەراج) | ١ | ٣ | حوزەیرانی ١٩٨٦ |
| تاوانێکی دیکەی فاشییەکان (قەڵادزێ) | ٢ | ٣ | حوزەیرانی ١٩٨٦ |
| پێشمەرگەکان بە گڕی لوولەی تفەنگ یادی ٨ی ئاب دەکەنەوە (ڕێگەی گشتیی شەقڵاوە-هەریر) | ١ | ٤ | ئابی ١٩٨٦ |
| ڕەشبگیری چاشەکانیش دەگرێتەوە (بڕیاری بەسەربازکردنی ئەو جاشانەی ڕاکردووی سەربازین) | ١ | ٤ | ئابی ١٩٨٦ |
| زەرەر لە نیوە بگەڕێتەوە (دیاردەی وەرگرتنی بەرتیل و ڕووتاندنەوەی خەڵک لە شاروانیی هەولێر) | ٣ | ٤ | ئابی ١٩٨٦ |
| ڕاپۆرتێک لەمەڕ شاڵاوی ڕەشبگیری (هەولێر) | ٣ | ٤ | ئابی ١٩٨٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بۆردوومانکردنی گوندە ئاسوودەکان (خاپوورکردنی ماڵی سێ هاوڵاتی و مزگەوتێک و شەهیدبوون و برینداربوونی چەند گوندنشینێک لە بناری پیرس و بەری گارە) | ٤ | ٤ | ئابی ١٩٨٦ |
| دوو گوندی دیکەش (هێزەکانی ڕژێم پەلاماری هەردوو گوندی سیگرتکان لە دەشتی کۆیە و مەلا قەرە لە ناوچەی کەندێناوەی قەزای مەخموور دەدەن) | ٦ (دوا لاپەڕە) | ٤ | ئابی ١٩٨٦ |
| کەرکووک و سیاسەتی شۆڤینیانەی ڕژێم (پەلاماری هێزەکانی عێراق بۆ سەر گوندەکانی ناوچەی شوان و ساڵەیی و تەختکردنی ١٤٥ ماڵ و خانووی گوندنشینان) | ١ | ٥ | ئەیلوولی ١٩٨٦ |
| تورکیا جارێکی دیکەش تاوانکاری (تورکیا هەڕەشەی پەلاماردانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی عێراق دەکات، بۆ ئەمەش ١٥٠ هەزار سەربازی کۆ کردووەتەوە) | ٣ | ٥ | ئەیلوولی ١٩٨٦ |
| جاشەکان بەردەوامن لە ڕاوڕووت (جاشەکانی مقەدەم کاکل هەڵیانکوتاوەتە سەر دەواجنەکانی دەوروبەری هەولێر و پارەیان لە خەڵکی ستاندووە) | ٣ | ٥ | ئەیلوولی ١٩٨٦ |
| سیاسەتێکە ڕیسوا کراوە (وێرانکردنی ٣٥ گوندی دەوروبەری کەرکووک لە ١٩٨٦/٨/١٦) | ٣ | ٥ | ئەیلوولی ١٩٨٦ |
| دوو هەواڵ لە هەولێرەوە (وەرگرتنی خوێن لە هاوڵاتییان بۆ بریندارەکانی شەڕی عێراق-ئێران و بەجەیشی شەعبیکرنی خەڵک) | | | |
| سێ گوند و ٢١ شەهید (بە هۆی بۆردوومانکردنی گوندەکانی "باقرت و قورشاغلو و سێبیران"، ٢١ هاوڵاتی شەهید بوون) | ٦ (دوا لاپەڕە) | ٥ | ئەیلوولی ١٩٨٦ |
| هەڵمەتێکی دەستوبرد (هێرشی پێشمەرگە بۆ سەر یەکێک لە ڕەبیەکانی ڕێگەی گشتیی کەرکووک-دبس) | ١ | ٦ و ٧ | تشرینی دووم/ کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ |
| تاوانێکی تر دەرحەق بە خوێندکاران (سەدان خوێندکاری زانکۆی سەڵاحەدین بە هۆی بەشدارینەکردنیان لە مەشقی سەربازی فەسڵ کران) | ١ | ٦ و ٧ | تشرینی دووم/ کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ |
| ساڵەیی و بڕیارێکی دیکەی فاشستەکان (بڕیاری چۆڵکردنی پێنج ئۆردووگا و تەواوی گوندەکانی ناوچەی ساڵەیی لە چوارچێوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن) | ٣ | ٦ و ٧ | تشرینی دووم/ کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ |
| ڕاپۆرتێک لە سلێمانییەوە (گرتن و ڕاوەدوونانی هاوڵاتییان، پەرەسەندنی هەژاری، پشکنینی ماڵەکان، بەجەیشی شەعبیکردن، دزی و ڕاوڕووت و دووکان بڕین) | ٣ | ٦ و ٧ | تشرینی دووم/ کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ |
| بۆردوومانکردنی گوندەکان بەردەوامە (بۆردوومانکردنی هەردوو گوندی دەهێ و شیلاز لە پارێزگای دهۆک لە لایەن فڕۆکە جەنگییەکانی عێراقەوە) | ٤ | ٦ و ٧ | تشرینی دووم/ کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ |
| چەند هەواڵێک (بۆردوومانکردنی گوندەکان، خاپوورکردنی گوند و ئاواییەکان، ڕەشبگیریی هاوڵاتییان) | ٥ | ٦ و ٧ | تشرینی دووم/ کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ |
| کەسوکاریش تاوانبارن (دەستگیرکردنی سەردانیکەرانی زیندانییان لە لایەن دائیرەی ئەمنی) | ٥ | ٦ و ٧ | تشرینی دووم/ کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ |
| جەردەیی سەرەکجاشەکان (دانانەوەی بازگە و ڕێگریکردن لە خەڵک و دەستگیرکردنیان لە ڕێگەی هەولێر-مەخموور) | ٥ | ٦ و ٧ | تشرینی دووم/ کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ |
| فێڵێکی تر بۆ سیخوڕیکردن (وەرگرتنی مۆڵەتی شوفێری لە شوفێرانی تەکسی و بانگکردنیان بۆ دائیرەی ئەمنی هەولێر بە مەبەستی بە جاسووسکردنیان) | ٥ | ٦ و ٧ | تشرینی دووم/ کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ |
| دوو هەواڵی دڵتەزێن (شەهیدکردنی دوو پێشمەرگە و هاوڵاتییەک لە لایەن سوپای عێراق-دەشتی هەولێر) | ٨ (دوا لاپەڕە) | ٦ و ٧ | تشرینی دووم/ کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ |
| هێرشێکی دڕندانەی دوژمن تێک دەشکێت (گوندەکانی نزیک شەقامی گشتیی ئامێدی-دێرەلووک لە پارێزگای دهۆک) | ١ | ٨ | کانوونی دووەمی ١٩٨٧ |
| کوژرانی فڕۆکەوانێک (گیانلەدەستدانی ڕائیدی فڕۆکەوان سەلمان مەحموود دوای هەفتەیەک لە بریندابوونی لە داستانی ترپەسپیان، ١٩٨٧/١١/٢) | ١ | ٨ | کانوونی دووەمی ١٩٨٧ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| دەربەدەرەکانی بەسرە دەگەنە کوردستان (بە هۆی نزیکبوونەوەی شەڕی عێراق-ئێران لە بەسرە، ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی گەیشتوونەتە شارەکانی کوردستان) | ١ | ٨ | کانوونی دووەمی ١٩٨٧ |
| هەترەشیان لە ڕێکخستن چووە (گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئەمنی دژی چالاکیی پێشمەرگە) | ٤ | ٨ | کانوونی دووەمی ١٩٨٧ |
| تاوانێکی تری فاشستەکان (شەهیدبوونی سێ هاوڵاتی بە هۆی تەقینەوەی لوغمێکی ڕژێم لە دەوروبەری گوندی ناومێرگانی سەر بە قەزای مێرگەسۆر، ١٩٨٦/١٢/١٧) | ٤ | ٨ | کانوونی دووەمی ١٩٨٧ |
| فڕۆکەکانی ڕژێم و چوار تاوانی دیکە (بە هۆی بۆردوومانی کوێرانەی فڕۆکەکانی سوپای عێراق، ١٤ هاوڵاتی لە گوندی سیگرتکانی سەر بە ناحیەی تەقتەق و گوندی نێروەی پارێزگای دهۆک شەهید دەبن) | ٤ | ٨ | کانوونی دووەمی ١٩٨٧ |
| تاوانی نامرۆڤانەی خۆفرۆشێک (تاوانبار عەبدولواحید حەوێز کۆیی چار هاوڵاتیی خەڵکی گوندی گۆڕەتووی بە ناوی پێشمەرگە تەسلیم بە ڕژێم کردوون) | ٤ | ٨ | کانوونی دووەمی ١٩٨٧ |
| جاشەکان خەڵکی بێدیفاع ئازار دەدەن (دەوروبەری هەولێر) | ٥ | ٨ | کانوونی دووەمی ١٩٨٧ |
| خوێن وەرگرتن (ناچارکردنی قوتابییانی خانەی مامۆستایانی کچان لە هەولێر بە بەخشینی خوێن بە برینداران) | ٦ (دوا لاپەڕە) | ٨ | کانوونی دووەمی ١٩٨٧ |
| دەستدرێژکاری تورکیا ڕیسوا دەکەین (ڕۆژی ١٩٨٧/٣/٤، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا گوندەکانی سەنات، زاویتە، هەفتەنینیان لە قەزای زاخۆ بۆردوومان کردن) | ١ | ٩ | ئازاری ١٩٨٧ |
| ٢٥٠ کرێکاری دیکە لە کار دەردەکرێن (لە بەڕێوەبەرایەتیی ئیشغاڵ -دهۆک) | ١ | ٩ | ئازاری ١٩٨٧ |
| کۆچی دوایی کاک ئیدریس بارزانی | ١ | ٩ | ئازاری ١٩٨٧ |
| چەند هەواڵێک (بۆردوومانکردنی گوندەکان، گرتن و سەرانەسەندن لە خەڵک، بڕیاری ئیعدامکردنی چەند ئەفسەرێکی فڕۆکەوانیی عێراق) | ٤ | ٩ | ئازاری ١٩٨٧ |
| ناڕەزایی دەربڕین (پڕۆتستۆکردنی هێرش و پەلامارەکانی تورکیا بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی عێراق تا دێت فراوانتر دەبێت) | ٤ | ٩ | ئازاری ١٩٨٧ |
| پێشمەرگەکانمان و زنجیرەیەک چالاکی (ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە و هێزەکانی حکومەتی عێراق لە ڕێگای دێرەلوک- شیلادزێ و ڕێگای ئامێدی-دێرەلوک) | ١ | ١٠ | ئایاری ١٩٨٧ |
| ڕاپۆرتێک دەربارەی قوربانییەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی "گوندەکانی دۆڵی بالیسان" | ٢ | ١٠ | ئایاری ١٩٨٧ |
| ڕاگواستن شارەکانیش دەگرێتەوە | ٤ | ١٠ | ئایاری ١٩٨٧ |
| مێرگەتوو و ٣ شەهید (بە هۆی بۆردوومانی فڕۆکەکانی عێراق، سێ هاوڵاتیی گوندی مێرگەتووی سەر بە ناحیەی سەرسەنگ شەهید بووون) | ٤ | ١٠ | ئایاری ١٩٨٧ |
| داپڵۆسینی کوێرانەی ڕژێم (هەڕەشە و لێدان و سووکایەتیکردن بە دانیشتووانی شاری سلێمانی) | ٤ | ١٠ | ئایاری ١٩٨٧ |
| گوللەبارانکردنی ٤٠ هاوڵاتی لە کەرکووک (لە ١٩٨٧/١/١٠دا) | ٨ (دوا لاپەڕە) | ١٠ | ئایاری ١٩٨٧ |
| ڕاپەڕینی جەماوەر لە شارەزوور (سەیدسادق، سیروان، هەڵەبجە، خورماڵ، عەربەت، لە ١٢ی ئایاری ١٩٨٧ و ڕۆژانی دواتر) | ٨ (دوا لاپەڕە) | ١٠ | ئایاری ١٩٨٧ |
| شەهیدبوونی هەڤاڵی نەمر هەژار دیدەوانی | ١ | ١١ | حوزەیرانی ١٩٨٧ |
| زنجیرەیەک چالاکیی پێشمەرگە (ئامێدی، دێرەلوک، شیلادزێ، پیرس) | ١ | ١ | حوزەیرانی ١٩٨٧ |
| تاوانێکی دیکەی فاشییەکان (بۆردوومانکردنی بارەگای مەڵبەندی بادینانی حزبی شیوعی بە چەکی کیمیایی) | ١ | ١ | حوزەیرانی ١٩٨٧ |
| کورتەڕاپۆرتێک لەمەڕ ڕاپەڕینەکانی جەماوەری ڕواندز، حەریر، شەقڵاوە (لە ڕۆژانی ١٨-١٩٨٧/٥/٢٣) | ٣ | ١١ | حوزەیرانی ١٩٨٧ |
| دیسان بەعەرەبکردنی ناوچەی کەندێناوە | ٤ | ١١ | حوزەیرانی ١٩٨٧ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| تاوانێکی ڕیسواکراو (شەهیدبوونی دوو پێشمەرگە لە ١٩٨٨/١/٢٠ لە ئاکرێ) | ١ | ١٦ | شوباتی ١٩٨٨ |
| بۆردوومانێکی دیکە بە گازی کیمیایی (بۆردوومانکردنی چەند گوندێکی ناوچەی جافایەتی بە گازی کیمیایی) | ١ | ١٦ | شوباتی ١٩٨٨ |
| زنجیرەیەک چالاکیی پێشمەرگە (شەقڵاوە، هەریر، خەلیفان) | ١ | ١٦ | شوباتی ١٩٨٨ |
| وێرانکردنی کوردستان بەردەوامە (تێکدانی چەندین خانوو و دووکانی هاوڵاتییان لە ناحیەی خەلیفان) | ٤ | ١٦ | شوباتی ١٩٨٨ |
| گوندەکان لە بەرامبەر بۆردووماندا (بۆردوومانکردنی هەردوو گوندی ژاڵە و هەزارکانی لە ناوچەی سەنگاو) | ٤ | ١٦ | شوباتی ١٩٨٨ |
| شاری کۆیە لە بەردەم پەلاماری دوژمندا (گەمارۆدانی شاری کۆیە لە لایەن سوپای عێراق لە ١٩٨٨/٥/٩دا) | ٦ (دوا لاپەڕە) | ١٩ | ئایاری ١٩٨٨ |
| دیسان بۆردوومانکردنی کیمیایی (فڕۆکەکانی عێراق ژمارەیەک گوندی هەولێر و سلێمانی بۆردوومان دەکەن) | ٦ (دوا لاپەڕە) | ١٩ | ئایاری ١٩٨٨ |
| هێرشێکی بەربڵاوی ڕژێم (ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٤، سوپای عێراق هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کۆیە و ناوچەی شوان لە پارێزگای کەرکووک) | ٦ (دوا لاپەڕە) | ١٩ | ئایاری ١٩٨٨ |
| پێشمەرگە هێرشێکی بەربڵاوی دوژمن تێک دەشکێنێ (هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە) | ١ | ٢٠ | حوزەیرانی ١٩٨٨ |
| وەسیلەیەکی تر بۆ جاسوسیکردنە سەر سەربازەکان (پڕکردنەوەی فۆڕمی زانیاری لە لایەن موختارەکان) | ٦ (دوا لاپەڕە) | ٢٠ | حوزەیرانی ١٩٨٨ |
| ئا ئەمە سزای خەڵکی خائین و کرێگرتەیە (ڕۆژی ١٩٨٨/٥/١٣، ئیمام و خەتیبی یەکێک لە مزگەوتەکانی گەڕەکی خەبات لە هەولێر دوای ئەوەی نزای سەرکەوتن بۆ ڕژێمی بەعس دەکات، لە لایەن هاوڵاتییەکی گەڕەکەکەوە کوژرا) | ٦ (دوا لاپەڕە) | ٢٠ | حوزەیرانی ١٩٨٨ |

**٣،١،٣. ڕووداوەکانی عێراق**

وەک لە خشتەی ژمارە (٣)دا دەردەکەوێت، لە تەواوی ژمارەکانی ئاڵای ئازادی؛ هەواڵ و هەڵوێستی سیاسی لە بارەی ڕووداوەکانی عێراق خراونەتە ڕوو. لە نێویاندا چەندین بڕیاری گرنگی سەرکردایەتیی حزبی بەعس و سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق و خودی سەرۆککۆمار سەددام حسێن (١٩٧٩-٢٠٠٣) هەن. بۆ نموونە لە ژمارەی (٦ و٧) کە ژمارەیەکی هاوبەشە، لە لاپەڕە (٣)دا هەواڵێک لە ژێر ناوی "حەڵاڵکردنی کوشتوبڕی هاوڵاتییان" هاتووە، کە لە دووتوێیدا ئاماژە بۆ بڕیارێکی "ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش" دەکات، لە بڕیارەکەدا دادگا و دائیرەکانی پۆلیس لە عێراق ڕاسپێردراون چاو لە تاوان و کردەوەی هێز و مەفرەزەکانیان بپۆشن لە کاتی بەدواداچوون و هەوڵەکانیان بۆ گرتنی هەڵاتووانی سەربازی و پشکنینی ماڵ و شوێنەکان.

لە ژمارە (١١) و لاپەڕە (٥)ی ڕۆژنامەکەدا (حوزەیرانی ١٩٨٧)، ئاماژە بۆ بڕیارێکی دیکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لە عێراق کراوە. لە میانەی بڕیارەکەدا هەموو دەسەڵاتێک دراوەتە عەلی حەسەن مەجید (١٩٤١-٢٠١٠)، کە ئەو کات بەرپرسی یەکەمی حزبی بەعس و تەواوی هێزەکانی پۆلیس و سوپا بووە لە کوردستان، بە مەبەستی جێبەجێکردنی پلانی ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان.

زۆربەی هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی دیکەی ڕۆژنامەکە؛ دەربارەی شەڕ و کوشتار، بەبەعسیکردنی زانکۆکان و فەسڵکردنی خوێندکارانی زانکۆ بە هۆی بەشدارینەکردنیان لە کەمپەکانی هاوینەی جەیشی شەعبی و لەسێدارەدانی ئەفسەر و دەرجەدارانی سوپا، لەگەڵ لەسێدارەدان و گوللەبارانکردنی ڕۆڵەکانی گەلانی عێراق بە گومانی هاوکاریکردنی هێز و لایەنی بەرهەڵستکارەکانی دەسەڵاتی عێراق لەخۆ دەگرێت (بڕوانە: خشتەی ژمارە ٣).

**خشتەی ژمارە (٣)**

تایبەت بە هەواڵ و ڕووداوەکانی عێراق

| ناوی بابەت | لاپەڕە | ژمارە | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|
| ئیعدامکردنی چەند ئەفسەرێکی تر (فاو) | ٤ | ١ | ئازاری ١٩٨٦ |
| لە ڕیزی سوپای فاشیزمدا (وەرگرتنی کۆمەکی جەنگ) | ٤ | ٢ | ئایاری ١٩٨٦ |
| زیندووکردنەوەی سیاسەتی بەبەعسیکردن (دەرکردنی خوێندکارانی زانکۆی بەغدا) | ٤ | ٢ | ئایاری ١٩٨٦ |
| جاشی شەعبی بە موالید (بەئیلزامیکردنی جەیشی شەعبی) | ٦ (دوا لاپەڕە) | ٢ | ئایاری ١٩٨٦ |
| ناکۆکییەکانی نێوان سەرانی ڕژێم توندوتیژتر دەبن (شکستهێنانی هەوڵی کودەتایەکی سەربازی لە لایەن سەرانی هێزی ئاسمانیی عێراقی، کە بەهۆیەوە ٤٠ ئەفسەری هێزەکە لەسێدارە دراون) | ٣ | ٤ | ئابی ١٩٨٦ |
| هەواڵێکی خوێندکاران (گوللەبارانکردنی ٦ خوێندکاری زانکۆی موستەنسریە و بریندارکردنی ١٥ خوێندکاری دیکەی زانکۆ لە سەربازگەکانی مەشق) | ٣ | ٤ | ئابی ١٩٨٦ |
| لە ڕیزی سوپا شڵۆقەکەی فاشیزمدا (ڕاکردن لە ڕیزەکانی سوپا لە زیادبوونە) | ٤ | ٤ | ئابی ١٩٨٦ |
| نیشانەی ئازایەتی بە پارەیە (بڕیاری گۆڕانکاری لە ئیمتیازەکانی بەخشینی نیشانەی ئازایەتی) | ٦ (دوا لاپەڕە) | ٤ | ئابی ١٩٨٦ |
| ئیجرائاتێکی دیکەی دژ بە خوێندکاران (حکومەتی عێراق بڕیاری بڕینی دەرماڵەی خوێندکارانی داوە) | ٦ (دوا لاپەڕە) | ٤ | ئابی ١٩٨٦ |
| حەلاڵکردنی کوشتوبڕی هاوڵاتییان (ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بڕیاری دا دادگا و دائیرەکانی پۆلیس لە عێراق چاو لە تاوان و کردەوەی هێز و مەفرەزەکان بپۆشن لە کاتی بەدواداچوونی هەڵاتووانی سەربازی) | ٣ | ٦ و ٧ | تشرینی دووم/ کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ |
| دانان (هەڵسەنگاندنی ڕەوشی سەربازی و دۆخی ئەمنیی فەیلەقی یەکی سوپای عێراق لە ڕاپۆرتێکی ئیستیخباراتی عەسکەری) | ٤ | ٦ و ٧ | تشرینی دووم/ کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ |
| شکاندنی زیندانی سەربازگەی "الغزلانی" (هەڵاتنی ٧٠ سەربازی زیندان لە موسڵ) | ٥ | ٦ و ٧ | تشرینی دووم/ کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ |
| لە ڕیزی سوپا شڵۆقەکەی فاشیزم (دەرکردنی دوو ئەفسەر و دەرەجەدارێک لە ڕیزەکانی سوپای عێراق) | ٥ | ٦ و ٧ | تشرینی دووم/ کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ |
| تبرع بۆ قادسیە (هەڵمەتی کۆکردنەوەی کۆمەک و هاوکاریی دارایی بۆ ڕژێم لە سەرتاسەری عێراق فراوانتر دەبێ) | ٤ | ٨ | کانوونی دووەمی ١٩٨٧ |
| کۆچی دوایی خەباتگێڕ مەهدی عەبدولکەریم (ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعیی عێراق) | ١ | ١٠ | ئایاری ١٩٨٧ |
| بڕیاری دەسەڵاتپێدانی تاوانبار عەلی حەسەن مەجید (ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لە عێراق دەسەڵاتی موتڵەقیان بە عەلی حەسەن مەجید بەخشی بۆ جێبەجێکردنی پلانی ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان) | ٥ | ١١ | حوزەیرانی ١٩٨٧ |
| قەسابخانەیەکی فراوان (دەسەڵاتدارانی بەغدا بە بۆنەی ساڵی نوێ و جەژنی سوپا، بە سەدان ڕۆڵەی گەلانی عێراقیان لەسێدارە دا، یان گوللەبارانیان کردن) | ١ | ١٦ | شوباتی ١٩٨٨ |
| شانۆگەریی تەسریحکردن (حکومەتی عێراق بڕیاری دا ئەو سەربازانەی دە ساڵ خزمەتی سەربازییان هەیە، تەسریح بکرێن) | ٣ | ١٦ | شوباتی ١٩٨٨ |

### ٤،١،٣. ڕووداوەکانی جیهان

کاتێـک لـە لاپەڕەکانـی ئـاڵای ئـازادی ورد دەبیتـەوە، بـەو ئەنجامـە دەگەیـت لـە پـاڵ هـەواڵ و بابەتـی پەیوەندیـدار بـە کوردسـتان و عێـراق، دەسـتەی نووسـەرانی ڕۆژنامەکـە سـەروکارییان لەگـەڵ ڕووداوی جیهانییـش هەبـووە، بـە لایانـەوە گرنـگ بـووە خوێنەرانیـان لـە هەواڵـی نێودەوڵەتـی بێبـەش نەکـەن.

لـەو سـۆنگەیەوە بایەخیـان بـە زۆر ڕووداوی وڵاتـان داوە، بـە تایبـەت هەواڵـی گەلانـی ژێردەسـتە و زوڵملێکـراو. بـۆ نموونـە: لـە ژمـارەی (٣)ی ڕۆژنامەکـەدا بابەتێـک لـە ژێـر نـاوی "ڕژێمـی پریتۆریـا و تەوژمـی جەمـاوەر" هاتـووە، کـە بـاس لـە تەقینـەوەی بارودۆخـی نێوخـۆی خـوارووی ئەفەریقـا دەکات. هەروەهـا لـە ژمـارە (٥)دا بـە ناونیشـانی "سـەرکەوتنێکی دیکـەی بزووتنـەوەی بێلایەنـی"، ڕاپۆرتێـک لـە بـارەی هەشـتەمین کۆنگـرەی بزووتنـەوەی دەوڵەتانی بێلایـەن لـە هەراریـی پایتەختـی کۆمـاری زیمبابـۆی بـڵاو کراوەتـەوە. هـەر لـەو ژمارەیـەدا، لـە ژێـر نـاوی "شـیللی، خۆفرۆشـتن تـا ئـەو ڕادەیـە"، ڕاپۆرتەهەواڵێـک هاتـووە و ئامـاژە بـە تێکۆشـانی بەردەوامـی بـەرەی دیموکراتـی گـەل؛ دژی حوکمڕانانـی شـیللی و نارەزایـی و بێزاریـی جەمـاوەر بەرانبـەر دەسـەڵاتدارانی وڵاتەکـە دەکات.

هەواڵەکانـی پەیوەندیـدار بـە خەباتـی گەلـی فەڵەسـتینیش زۆرتریـن ڕووبـەری لاپەڕەکانـی تایبـەت بـە هەواڵـی نێودەوڵەتییـان گرتـووە. بـۆ نموونـە: لـە ژمـارەی (٤)دا دوو ڕاپۆرتەهـەواڵ بـە ناونیشـانی "خۆبەدەسـتەوەدان گەلـی فەڵەسـتین ڕقئەسـتورتر دەکات" و "بـۆ سـەرکوتکردنی جەمـاوەر" بـڵاو کراونەتـەوە. لـەو بابەتانـەدا باسـی پێشـوازیی شـا حەسـەنی مەلیکـی مەغریـب (١٩٦١-١٩٩٩) لـە شـەمعون پیـرس سـەرۆکوەزیرانی ئیسـڕائیل (١٩٨٤-١٩٨٦) و ئامادەکاریـی هێزەکانـی ئیسـڕائیل بـە مەبەسـتی سـەرکوتکردنی خۆپیشـاندانی گەلـی فەڵەسـتین، دوای گەڕانـەوەی شـەمعون پیـرس لـە وڵاتـی مەغریـب؛ دەکات.

لـە ژمارەکانـی دیکەشـدا چەندیـن بابەتـی پەیوەندیـدار بـە خەباتـی گەلـی فەڵەسـتین بـڵاو کراونەتـەوە. تـەواوی ئـەو بابەتانـەش بـە گیانـی لایەنگـری و داکۆکیکـردن لـە پرسـەکەیان نـووسراون. ئـەم لێکدانەوەیـە بـۆ ئـەو هـەواڵ و ڕاپۆرتانـەش ڕاسـتە کـە پەیوەندییـان بـە خەباتـی کرێـکاران و گەلانـی چەوسـاوەی سەرتاسـەری جیهانـەوە هەیـە.

شـیاوی ئاماژەبۆکردنـە، چەندیـن هەواڵـی پەیوەندیـدار بـە نارەزایەتـی و خۆپیشـاندان و هەڵوێسـتی وڵاتـان و ڕێکخراوەکانـی تایبـەت بـە مافـی مـرۆڤ لـە جیهـان لـە بـارەی کێشـەی کـورد و ئـەو زوڵـم و سـتەمەی بەرانبـەری دەکرێـت، لـە سـەر ڕووپـەڕی ئـەم ڕۆژنامەیـە بـەدی دەکرێـن (بڕوانـە: خشـتەی ژمـارە ٤).

**خشتەی ژمارە (٤)**

تایبەت بە هەواڵ و ڕووداوەکانی جیهان

| ناوی بابەت | لاپەڕە | ژمارە | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|
| ئەمەریکا جارێکی دیکەش لووتی دەشکێ (شەڕفرۆشیی ئەمەریکا بە لیبیا) | ٢ | ١ | ئازاری ١٩٨٦ |
| تاوانـی فاشسـتەکانی تورکیـا (زیندانیکـردن و ئەشـکەنجەدانی ٩١ ڕۆڵـەی کـورد لـە تورکیـا) | ١ | ٣ | حوزەیرانی ١٩٨٦ |
| ڕژێمـی پریتۆریـا و تەوژمـی جەمـاوەر (تەقینـەوەی بارودۆخـی نێوخـۆی خـوارووی ئەفەریقـا) | ٢ | ٣ | حوزەیرانی ١٩٨٦ |
| شـەڕی چادرگـەکان لـە قازانجـی کێیـە؟ (شـیری خوێناویـی نیشـتمانپەروەرەکانی لوبنـان و جەنـگاوەرە فەڵەسـتینییەکان) | ٢ | ٣ | حوزەیرانی ١٩٨٦ |
| خۆبەدەسـتەوەدان گەلـی فەڵەسـتین ڕقئەسـتوورتر دەکات (پێشـوازیی شـا حەسـەنی مەلیکـی مەغریـب لـە شـەمعون پیـرس سـەرۆکوەزیرانی ئیسـڕائیل لـە ١٩٨٦/٧/٢٢) | ٢ | ٤ | ئابی ١٩٨٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بۆ سەرکوتکردنی جەماوەر (ئامادەکاریی هێزەکانی ئیسرائیل بە مەبەستی سەرکوتکردنی خۆپیشاندانی گەلی فەلەستین دوای گەڕانەوەی شەمعون پیرس لە وڵاتی مەغریب) | ٢ | ٤ | ئابی ١٩٨٦ |
| حوسنی و حسێن، هەنگاوێکی دیکەی خیانەتکاری (کۆبوونەوەی شا حسێن مەلیکی ئوردن و حوسنی موبارەک، بە مەبەستی پشتگیریکردن لە عێراق) | ٢ | ٤ | ئابی ١٩٨٦ |
| هەڵمەتێک بۆ سەر نووسینگەی هێڵی ئاسمانیی عێراق لە پاریس (ژمارەیەک لە پەنابەرانی کورد لە پاریس دەستیان گرت بەسەر نووسینگەی هێڵی ئاسمانیی عێراقدا) | ١ | ٥ | ئەیلوولی ١٩٦٨ |
| بەڕێز موعەمەر قەزافی پشتیوانی لە گەلەکەمان دەکات (نامەی قەزافی بۆ کەنعان ئیفرین سەرۆککۆماری تورکیا دژی هێرشێکی ئاسمانیی تورکیا بۆ سەر خاکی کوردستان) | ١ | ٥ | ئەیلوولی ١٩٦٨ |
| سەرکەوتنێکی دیکەی بزووتنەوەی بێلایەنی (بەڕێوەچوونی هەشتەمین کۆنگرەی بزووتنەوەی دەوڵەتانی بێلایەن لە هەراریی پایتەختی زیمبابوی) | ٢ | ٥ | ئەیلوولی ١٩٦٨ |
| کێ یارمەتیدەری ئیرهابە (لوغم تەقاندنەوە و هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا و دۆستەکانی؛ پەرەی گرتووە) | ٢ | ٥ | ئەیلوولی ١٩٦٨ |
| شیللی، خۆفرۆشتن تا ئەو ڕادەیە (بەرەی دیموکراتی گەل لە خەباتێکی بەردەوامدان دژی حوکمڕانانی شیللی) | ٢ | ٥ | ئەیلوولی ١٩٦٨ |
| کوردەکانی هەندەران و خۆپیشاندانێکی فراوان (بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانی کوردانی دانیشتووی چەند شارێکی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا دژی عێراق و تورکیا) | ٤ | ٥ | ئەیلوولی ١٩٦٨ |
| پیلانی سێقۆڵی دژی سووریای خۆڕاگر (لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦، بەریتانیا بە ڕاوێژی ئەمەریکا و ئیسرائیل باڵوێزخانەی خۆی لە دیمشق کێشایەوە) | ٢ | ٦و٧ | تشرینی دووەم/ کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ |
| کۆچی دوایی سامۆرا ماشێل (لە ١٩٨٦/١٢/١٩ سەرکردەی موزامبیق سامۆرا و ٣٨ کەسی تر لە ئەنجامی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە) | ٢ | ٦و٧ | تشرینی دووەم/ کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ |
| ئەفغانستان هەنگاوێکی دڵسۆزانەی حکومەت (بڕیاری ڕاگرتنی شەڕ لەگەڵ هێز و تەیارە ئیسلامییەکانی ئەفغانستان لە ڕۆژی ١٩٨٧/١/١٥دا) | ٢ | ٨ | کانوونی دووەمی ١٩٨٧ |
| عەرەب لە ئەمەریکا دەربچێت یان پیلانێکی ترە (نارەزایەتیی شا و سەرکردە عەرەبەکان دژی فرۆشتنی چەک بە ئێران لە لایەن ئەمەریکاوە) | ٢ | ٨ | کانوونی دووەمی ١٩٨٧ |
| دوو هەڵوێستی پشتیوانی بۆ گەلی کوردمان (کۆمیتەی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێڤ، ڕایگەیاند حکومەتی عێراق ٢٠٠ هاوڵاتیی کوردی لەسێدارە داوە) | ٢ | ٩ | ئازاری ١٩٨٧ |
| یەکێتی و خەبات تاکە ڕێگەی سەرکەوتنی شۆڕشی فەلەستینە (بەستنی خولی هەژدەمی کۆنگرەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی فەلەستین لە جەزائیر) | ٢ | ١٠ | ئایاری ١٩٨٧ |
| سەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا (٩ی ئایار؛ ڕۆژی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی هیتلەر) | ٢ | ١٠ | ئایاری ١٩٨٧ |
| تاوانی شەهیدکردنی ڕەشید کرامی (کوژرانی سەرۆکوەزیرانی لوبنان بە هۆی تەقینەوەی لوغمێک لە نێو فڕۆکەکەی لە نێوان تەڕابلوس-بەیرووت) | ٢ | ١١ | حوزەیرانی ١٩٨٧ |
| ئیدانەکردنی ڕژێمی سەددام (ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی شالاوی لەسێدارەدانی هاوڵاتییانی عێراق ئیدانە دەکات) | ١ | ١٦ | شوباتی ١٩٨٨ |
| ڕاپەڕینی گەلی فەلەستین لە پیلانی دوژمنانی بەهێزترە (سێ مانگە ڕاپەڕینی فەلەستینییەکان بەردەوامە) | ٢ | ١٦ | شوباتی ١٩٨٨ |
| "فەلەستین"، کێ قازانج لە شەڕی نێوخۆ دەکات (لە بارەی شەڕی نێوان دوو لایەنی ڕێکخراوی فەتح لە چادرگەی فەلەستینییەکان لە لوبنان) | ٢ | ٢٠ | حوزەیرانی ١٩٨٨ |
| ١٠٥ ڕێکخراو، تاوانەکانی ڕژێم ڕیسوا دەکەن (لە شارەکانی لینینگراد و مۆسکۆ، تاوانەکانی ڕژێمی بەعس دژ بە خەڵکی کوردستان شەرمەزار دەکرێن) | ٢ | ٢٠ | حوزەیرانی ١٩٨٨ |

**٥,١,٣. هەڵوێست و ڕاگەیەنراو**

لە دووتوێی تەواوی ژمارەکانی ئاڵای ئازادی، چەندین ڕاگەیەنراو و هەڵوێستنامەی سیاسی کە بەشی زۆریان پەیوەندییان بە ڕووداوەکانی ئەو ساڵانەی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان، یان شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی مێژووی بزاڤی نەتەوەیی ئەو میللەتەوە هەیە؛ دەبینرێن. بۆ نموونە: لە ژمارە (١٠)ی ڕۆژنامەکە، بەیاننامەیەک لە بارەی کمیابیبارانکردنی گوند و ئاوایەکانی کوردستان ئاڕاستەی ڕای گشتیی جیهانی و کۆمەڵانی خەڵکی عێراق و کوردستان کراوە. بەیاننامەکە ئەو تاوانە نامرۆییە پرۆتستۆ دەکات.

هەر لە هەمان ژمارەدا، لە بارەی ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان بانگەوازێک ئاڕاستەی جەماوەر و چەکدارانی حکومەتی عێراق کراوە، داوایان لێ دەکات لەو هەلومەرجە ناسک و چارەنووسسازەدا بە یەک دەنگ و یەکریزی ڕووبەڕووی ئەو سیاسەتە بوەستنەوە، ببنە بەربەست و قەڵایەکی پۆڵایین لە بەردەم ئەو شاڵاوە و بەهانای برا جووتیارەکانیانەوە بچن.

لە ژمارەی (١٩)شدا، بەیاننامەیەک لە بارەی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بە ناونیشانی "بەرەی کوردستانی و هەنگاوێکی بەرپرسیارانە" بڵاو کراوەتەوە. بەیاننامەکە هەوڵەکانی دروستکردنی بەرەی کوردستانی بە دەستکەوتێکی مەزنی نیشتمانی و نەتەوەیی وەسف دەکات و بە بەدیهێنەری خەونێکی دێرینی جەماوەر و هێزی پێشمەرگەی کوردستان نیشانی دەدات.

لە بارەی یاد و بۆنەکانی (نەورۆز، جەژنی ئافرەتانی جیهان، جەژنی کرێکاران، یادی لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرەکەی کورد لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧... هتد)، چەند ڕاگەیەنراو بڵاو کراونەتەوە. بە خوێندنەوەی هەموو ئەو بەیاننامە و ڕاگەیەنراوانە، باشتر لە ڕا و ڕوانگەی سیاسیی ڕۆژنامەکە و ئەو حزبەی دەریدەکات تێدەگەیت، هەروەک چۆن لە قۆناغی بڵاوکردنەوەیان و ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەوکات گرنگیی خۆیان هەبووە، لە ڕەهەندی مێژووییشەوە، هەم بۆ ئێستا و هەم بۆ داهاتووش، بە تایبەت بۆ توێژەران، ئەو بایەخە لەدەست نادەن (بڕوانە: خشتەی ژمارە ٥).

**خشتەی ژمارە (٥)**

تایبەت بە ڕاگەیەنراو و هەڵوێستی سیاسی

| ناوی بابەت | لاپەڕە | ژمارە | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|
| نەورۆز ڕەمزی سەرکەوتنی زەحمەتکێشانە | ١ | ١ | ئازاری ١٩٨٦ |
| دیکتاتۆرەکان لە بەرامبەر ڕاپەڕینی گەلدا | ٢ | ١ | ئازاری ١٩٨٦ |
| بۆ بەرزکردنەوەی ورەی داتەپیو | ٤ | ١ | ئازاری ١٩٨٦ |
| نەوجەوانان لە بەردەم هەڕەشەی گەلدان | ٤ | ١ | ئازاری ١٩٨٦ |
| ڕووتاندنەوەی خەڵک بەردەوامە | ٥ | ١ | ئازاری ١٩٨٦ |
| ٨ی ئازار، جەژنی ئافرەتانی جیهان | ٨ (دوا لاپەڕە) | ١ | ئازاری ١٩٨٦ |
| لە تۆمارگەی کاروانی ئازادیدا | ٨ (دوا لاپەڕە) | ١ | ئازاری ١٩٨٦ |
| ڕێز و شانازی بۆ یەکی ئایار | ١ | ٢ | ئایاری ١٩٨٦ |
| کێن بکوژان؟ (وەڵامی حزبی سۆسیالیستی کوردستان- ئیتیجاهی شۆڕشگێڕ بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) | ٣ | ٣ | حوزەیرانی ١٩٨٦ |
| خاپوورکردنی کوردستان هەڕەشە لە نەمانی گەلەکەمان دەکات (سیاسەتی ڕاگواستن و سووتاندنی کوردستان) | ٣ | ٣ | حوزەیرانی ١٩٨٦ |
| ڕۆژی شەهیدی کوردستان (١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧) | ٦ (دوا لاپەڕە) | ٣ | حوزەیرانی ١٩٨٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بانگەوازێک (لە بارەی شەڕی عێراق-ئێران) | ٥ | ٤ | ئابی ١٩٨٦ |
| لە جەژنی ئافرەتانی جیهاندا | ٦ (دوا لاپەڕە) | ٩ | ئازاری ١٩٨٧ |
| شکۆدار بێ جەژنی کرێکارانی جیهان (ڕاگەیانراو) | ١ | ١٠ | ئایاری ١٩٨٧ |
| بەیانێک لەمەڕ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی | ١ | ١٠ | ئایاری ١٩٨٧ |
| بانگەوازێک بۆ جەماوەری گەلەکەمان و چەکدارانی ڕژێم (لە بارەی ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان) | ٣ | ١٠ | ئایاری١٩٨٧ |
| نەمری بۆ شەهیدانی حوزەیران (یادی لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرەکەی کورد لە ١٩٤٧/٦/١٩) | ٨ (دوا لاپەڕە) | ١١ | حوزەیرانی ١٩٨٧ |
| سڵاو لە ڕۆژی خوێندکاران (ڕاگەیەنراوی ٣٥ ساڵەی یادی دامەزراندنی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان) | ٨ (دوا لاپەڕە) | ١٦ | شوباتی ١٩٨٨ |
| ڕێز و شکۆ بۆ جەژنی کرێکاران (ڕاگەیەنراوی ١ی ئایار) | ١ | ١٩ | ئایاری ١٩٨٨ |
| بەرەی کوردستانی و هەنگاوێکی بەرپرسیارانە (ئایاری ١٩٨٨، مژدەی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی ڕاگەیەنرا) | ١ | ١٩ | ئایاری ١٩٨٨ |
| لە سڵاونامەکانی کۆنفرانس (ناردنی سڵاونامە بۆ بنەماڵەی شەهیدان و تێکۆشەران و لایەنە سیاسییەکان) | ٢ | ١٩ | ئایاری ١٩٨٨ |
| بانگەوازی کۆنفرانس (بۆ جەماوەری کوردستان) | ٦ (دوا لاپەڕە) | ١٩ | ئایاری ١٩٨٨ |

### ٢,٣. هەڵسەنگاندنی بایەخی نووسینەوەی ڕووداوەکان لە ڕۆژنامەی "ئاڵای ئازادی"دا

بە وردبوونەوە و سەرنجدان لە هەموو ئەو هەواڵ و ڕاپۆرت و بابەتانەی لە سەر ڕووپەڕەکانی ئاڵای ئازادی بڵاو کراونەتەوە، بەو ئەنجامە دەگەین بەشی هەرە زۆری بابەتەکان ڕەهەندێکی مێژوویيان هەیە، چونکە پەیوەستن بەو ڕووداوانەی لەو ڕۆژگارەدا ڕوویان داوە، یان ئەو کارەساتانەی بەسەر گەلی کوردستاندا هاتوون.

تۆماری ئەو ڕووداوانە؛ بایەخی مێژوویی ڕۆژنامەکە پیشان دەدەن، بەو پێیەی ئەو سێ ساڵەی ڕۆژنامەکەی تێدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە؛ ساڵانی هەستیار و پڕ لە ململانێ و ناکۆکی و شەڕ و ئازاری سەختن. لە لایەکەوە جەنگی عێراق-ئێران ژیانی گەلانی ئەو دوو وڵاتە دەخاتە نێو دۆزەخێکی گەورە، لە لایەکەی تریشەوە ڕاگوستن و وێرانکردنی هەزاران گوندی کوردستان، شاڵاوی ئەنفال، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و بالیسان و بادینان و زیندەبەچاڵکردنی هەزاران سیڤیل و شەڕی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق؛ ڕووداوگەلی گرنگن لە مێژووی کوردستان و ناوچەکە، تۆمارکردنیشیان لە کات و سەروبەندی ڕوودانیان نەک تەنها هەڵگری ڕەهەند و بەهایەکی ڕۆژنامەوانین، بەڵکوو هەڵگری بەها و ڕەهەندی مێژووییشن.

ڕۆژنامەکە لەتەک ئەرکی گەیاندنی زانیاری و تۆمارکردنی ڕووداوەکان، بە زمان و شێوازێکی ئاگرین و ورەبەخش هەوڵی داوە گیانی بەرگری و گیانفیدایی لای شۆڕشگێڕان بەهێزتر بکات، هەستی نیشتمانپەروەری و هۆشیاریی نەتەوەیی جەماوەر بەرزتر بکاتەوە. هانی چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردستانی داوە تەڤلی ڕیزەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بن و ڕێگەی خەباتی ئازادیخوازی بگرنە بەر. لای ڕۆژنامەکە ئەوەی گرنگ بووە؛ سەرکەوتن و پێشکەوتنی کاروانەکە بووە، کە ئەمەش لای ڕاگەیاندنی شۆڕش و بەرگری، لە کار و ئامانجە لەپێشینەکانە.

لەو سۆنگەیەوە، لە خۆڕایی نەوتراوە ئەوەی لای ڕۆژنامە شۆڕشگێڕییەکان گرنگە، سەرکەوتنە بەسەر نەیارەکانی شۆڕش و گەلانیان. هەروەک ویلیام هاشتین (١٩١٠-١٩٩٥) ی نووسەر و مامۆستای ڕۆژنامەوانی لە ئەمەریکای باکوور دەڵێت: "ڕۆژنامە شۆڕشگێڕەکان هەست بە هیچ جۆرە پابەندییەک ناکەن بەرانبەر ئەو حکومەتانەی دەیانەوێت بیانڕووخێنن. بۆیە ناکرێت چاوەڕوانیی ئەوە لە ڕۆژنامە شورشگێڕییەکان بکرێت سیفەتی بابەتیبوون و پیشەییبوون هەڵبگرن" (هستر، ٢٠٠٧: ٧٦-٧٧).

**دەرئەنجام**

دوای بەدواداچوون و شیکردنەوەی زانیارییەکانی بەردەست، توێژینەوەکە گەیشتە ئەم چەند ئەنجامگیرییەی خوارەوە:

١. ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی بایەخی خۆی هەبووە لە نووسینەوەی ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە بەشێک لە خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان و شەڕی پارتیزانیی پێشمەرگە.

٢. ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی گرنگییەکی زۆری بە پرسی خاک و ڕاگواستنی دانیشتووانی گوند و ئاوایییەکان و تێکدان و وێرانکردنی کوردستان داوە.

٣. ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی تەنیا خۆی بە کوردستانەوە نەبەستووەتەوە، بەڵکوو بایەخێکی زۆری بە پرس و ڕووداوەکان لە سەر ئاستی عێراق و ناوچەکە و جیهانیش داوە.

٤. ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی ڕۆڵ و کاریگەریی لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژگاری خۆیدا هەبووە.

٥. تەواوی بابەتەکانی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی ناوی نووسەر و ئامادەکاریان بە سەرەوە نییە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ستافێکی کەم کاری لە ڕۆژنامەکەدا کردووە، هەروەها ڕۆژگاری دەرچوونیشی ئەوەی خواستووە ناوی نووسەر بە سەر بابەتەکانیەوە نەبێت.

٦. ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی هەوڵی داوە لە ڕێی زمان و شێوازێکی ئاگرین و وەرەبەخش، گیانی بەرگری و گیانفیدایی لای شۆڕشگێڕان و خوێنەرانی بەهێزتر بکات.

٧. ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی هانی چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردستانی داوە تەڤلی ڕیزەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بىن و ڕێگەی خەباتی ئازادیخوازی بگرنە بەر.

٨. لەگەڵ ئەوەی لە ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادیدا کار لەسەر زۆربەی ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی کراوە، بەڵام زۆر بە کەمی ڕەچاوی بنەما پیشەییەکانی کاری ڕۆژنامەوانی کراوە، بە تایبەت لە نووسینی مانشێت و دارشتنی هەواڵ و ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژ.

**پەراوێزەکان:**

١. حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە (١٩٨٥/١٢/١٢) دامەزراوە، بەڵام مێژووی خۆی تەنها بەو ڕۆژە نابەستێتەوە، بەڵکوو دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی "بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان" و خۆی بە پەلێکی درێژکراوەی ئەم بزووتنەوەیە دەزانێت کە ڕۆڵی هەبووە لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (ئاکۆیی، ٢٠٢٢: ١٠٦-١١٣).

٢. ئاسۆ حەسەن محەمەد، لە ساڵی ١٩٥٨ لە دەشتی هەولێر لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٩ پەیمانگەی هونەری لە بەغدا و ساڵی (٢٠٠٦)یش بەشی کۆمەڵناسیی کۆلێژی ئاداب/زانکۆی سەلاحەدین تەواو دەکات. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە دەکات. ساڵی ١٩٨٢ دەبێتە پێشمەرگە و سەرنووسەری ڕۆژنامەی "ڕێگای ئازادی". لە کۆنفڕانسی یەکەمی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان (١٩٨٨)؛ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە و ئەرکی بەرپرسیارێتیی بەشی ڕاگەیاندن و سەرنووسەری ڕۆژنامەی "ئاڵای ئازادی" و گۆڤاری "پێشکەوتن"ی پێ سپێردراوە. بڕوانە: (تەنیا و زەندی، ٢٠٢٢: ٩٩).

٣. قادر عەزیز محەمەدئەمین، لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٤ی گوندی "سێبیران"ی سەر بە پارێزگای هەولێرە. لە ئابی ١٩٧٦دا بەشداریی خەباتی چەکداریی دژ بە حکومەتی عێراق کردووە. لە ١٩٨٥/١٢/١٢ لەگەڵ کۆمەڵێک هاوبیریدا حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دادەمەزرێنێ و دەبێتە سکرتێری حزبەکە. لە هەڵبژاردنی ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ بووەتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و دواتریش وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێریی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان. سکرتێر و دامەزرێنەری حزبی ئایندەی کوردستان (٢٠٠٩-٢٠١٦) بووە. دوای چەند ساڵێک حزبەکەی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تێکەڵ کرد و خۆشی بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و ئێستاش هەر لە نێو یەکێتیدا کاری سیاسی دەکات. بڕوانە: ماڵپەڕی زانیاری (٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢)، ژیاننامەی قادر عەزیز، (ڕێکەوتی سەردان: ٢ی تشرینی یەکەم/٢٠٢٣): https://ln.run/Any٤q

٤. مامۆستا دارا، ناوی تەواوی "محەمەد عومەر ئەحمەد"ە، ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی "دۆڵەبەکرە"ی سەر بە پارێزگای هەولێر

لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٧ پەیمانگەی مامۆستایان لە هەولێر تەواو دەکات. ساڵی ١٩٨١ بووەتە پێشمەرگە. لە کۆنفرانسی یەکەمی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان (١٩٨٨) بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە. ساڵی ١٩٩٦ بەشی ئینگلیزیی زانکۆی سەلاحەدین تەواو دەکات. ساڵی ٢٠٠١ بڕوانامەی ماستەر لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە زانکۆی سلێمانی و ساڵی (٢٠٠٧)یش بڕوانامەی دکتۆرا لە زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی کۆیە بەدەست دەهێنێت. ئێستا مامۆستایە لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین. بڕوانە: (تەنیا و زەندی، ٢٠٢٢: ١٠٠).

٥. هەژار دیدەوانی، ناوی تەواوی "محەمەد حەسەن عومەر"ە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٩ی شاری هەولێرە. لە ساڵی ١٩٧٧دا پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستەوە دەکات. ساڵی ١٩٨٠ بووەتە پێشمەرگە و لە ڕیزەکانی حزبی زەحمەتکێشان درێژە بە خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی دەدات. ساڵی ١٩٨٦ دەبێتە فەرماندەی هێزی سەفین. هاوکات شیعر و چیرۆکی نووسیوە و کاری ڕۆژنامەوانیی کردووە. ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئاڵای ئازادی بووە و چەندین بابەتیشی لە بڵاوکراوەکانی "دەنگی پێشمەرگە و پێشکەوتن" بڵاو کردووەتەوە. لە ٢٩ی ئایاری ١٩٨٧دا لە داستانی "شیلادزێ" لە گوندی "شێڤ چنارۆک" شەهید کراوە. بڕوانە: (ئاڵای ئازادی، ئازار و حوزەیرانی ١٩٨٨، ژ:١١، ١ و ٨).

٦. ڕابەر ڕەشید، ناوی تەواوی "فازڵ ڕەشید ساڵح"ە، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی "کتکە"ی سەر بە پردێ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردووە و ساڵی (١٩٨٤)یش بووەتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٨٦ لە ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی و گۆڤاری پێشکەوتن دەست بە کاری ڕۆژنامەوانی دەکات. سەرنووسەری ڕۆژنامەی پاڵە (١٩٩٥) و سەرنووسەری بڵاوکراوەی دەنگی جووتیاران (١٩٩٧) و ئەندامی دەستەی نووسەرانی بڵاوکراوەی "مامۆستا و پەروەردە" و سەرنووسەری هەردوو ڕۆژنامەی پردێی ئازاد و پردێی برایەتی (٢٠٠٣-٢٠١٧) بووە. نووسەر و وەرگێڕی چەندین کتێبی ئەدەبی و فکری و سیاسییە. بڕوانە: (تەنیا و زەندی، ٢٠٢٢: ١٠٠).

٧. هەڵمەت، ناوی تەواوی "ئیبراهیم حەمید ئیبراهیم"ە، ساڵی ١٩٥٨ لە گوندی "تەلەلخێم"ی دەشتی هەولێر لەدایک بووە. ساڵی ١٩٨٠ کۆلێژی ئەندازیاریی زانکۆی بەغدای بە پلەی یەکەم تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨٢ بووەتە پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و لە بەشی ڕاگەیاندن کاری کردووە. هەروەها دەبێتە بێژەری سەرەکیی بەشی کوردی و عەرەبیی ڕادیۆی دەنگی شۆڕشی کوردستانی عێراق (١٩٨٣). دوای دروستبوونی حزبی سۆسیالیستی کوردستان/ئیتیجاهی دیموکراتی شۆڕشگێر، یەکێک بووە لە بەرپرسانی ڕاگەیاندن و نووسەری ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی. لە کردەوەی تیرۆریستیی ١ی شوباتی ٢٠٠٤ی نێو بارەگای لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان شەهید بووە. بڕوانە: (تەنیا و زەندی، ٢٠٢٢: ١٠٥).

٨. "رایة الحریة" وەک پاشکۆی "ئاڵای ئازادی"، یەکەمین ژمارەی لە (١ی ئایاری ١٩٨٦) بە ٨ لاپەڕە و بە قەبارەی "A3" لە دیمەشقی پایتەختی سووریا لە لایەن مەکتەبی پەیوەندییەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان چاپ و بڵاو کراوەتەوە. تا ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ی خەڵکی کوردستان، (٢٥) ژمارەی لێ دەرچووە. بۆ زانیاریی زیاتر: بڕوانە: (ئاکۆیی، ٢٠٢٢: ٢٧٢).

٩. پێشکەوتن؛ گۆڤارێکی سیاسیی ڕۆشنبیریی گشتیی "حزبی سۆسیالیستی کوردستان - عێراق/ ئیتیجاهی دیموکراتی شۆڕشگێر" بوو، پێنج ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارە (١)ی لە ئاداری ١٩٨٦ و دوا ژمارەشی لە نیسانی ١٩٨٨ دەرچووە. لە پاڵ زمانی کوردیدا، بە زمانی عەرەبییش بابەتی تێدا بڵاو کراوەتەوە. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (ئاکۆیی، ٢٠٢٢، ٢٦٢-٢٦٣).

## سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێب

کتێب بە زمانی کوردی:


ئەبو زەید، فاروق محەمەد (٢٠٠٦)، سەرەتایەک لە زانستی ڕۆژنامەوانی، وەرگێڕانی: فەرەیدوون ڕەئووف عارف، خانەی وەرگێڕان، چاپی یەکەم، سلێمانی.

ئاکۆیی، ئاکۆ (٢٠٢٢)، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان مێژوویێک لە خۆڕاگری (١٩٧٦-١٩٩١)، چاپخانەی هێڤی، چاپی یەکەم، هەولێر.

هستر، ئەلبرت ل (٢٠٠٧)، ڕابەری ڕۆژنامەنووس لە جیهانی سێیەمدا، ڕۆژنامەی بواری شۆڕشگێڕی و ڕۆژنامەی بواری گەشەکردن، وەرگێڕانی: حەسەن عەبدولکەریم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

تەنیا، ئیسماعیل. زەندی، مەریوان (٢٠٢٢)، ئاڵای ئازادی ئۆرگانی ناوەندی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، سەردەمی شۆڕش و پێشمەرگایەتی، ئازاری ١٩٨٦-حوزەیرانی ١٩٨٨، چاپی یەکەم، هەولێر.

كتێب بە زمانی عەرەبی:
عبدالبـاري، ماهـر شـعبان (٢٠١٤)، الكتابـة الوظيفيـة والإبداعيـة، دار المسـيرة للنـشر والتوزيـع، ط٢، عـمان.

**دووەم: دیمانە**

ڕەشـید، ڕابـەر (ئەندامـی دەسـتەی نووسـەرانی ئـاڵای ئـازادی)، دیمانەی تایبەتـی توێـژەران (٢٨ی ئابی ٢٠٢٣).

**سێیەم: بڵاوكراوەكان (ڕۆژنامە)**

ڕۆژنامـەی ئـاڵای ئـازادی، خولـی شـاخ (١٩٨٦-١٩٨٨)، ژمارەكانـی: (١، ئـاداری ١٩٨٦. ٢، ئایـاری ١٩٨٦. ٣، حوزەیرانـی ١٩٨٦. ٤، ئابـی ١٩٨٦. ٥، ئەیلولـی ١٩٨٦. ٦-٧، تشرینـی دووەم/ كانوونـی یەكەمـی ١٩٨٦. ٨، كانوونـی دووەمـی ١٩٨٧. ٩، ئـاداری ١٩٨٧. ١٠، ئایـاری ١٩٨٧. ١١، حوزەیرانـی ١٩٨٧. ١٦، شـوباتی ١٩٨٨. ١٩، ئایـاری ١٩٨٨. ٢٠، حوزەیرانـی ١٩٨٨).

**چوارەم: ئینسایكلۆپیدیا**

خەزنـەدار، جەمـال (٢٠١١)، ئینسـكلۆپیدیای ڕۆژنامەگەریـی كـوردی، بەرگـی یەكـەم (ئەلـف)، سـەندیكای ڕۆژنامەنووسـانی كوردسـتان، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، هەولێـر.

**پێنجەم: پێگە ئەلكترۆنییەكان**

**أ. بە زمانی كوردی:**

ماڵپـەڕی زانیـاری (٢٠ی كانوونـی دووەمـی ٢٠٢٢)، ژیاننامـەی قـادر عەزیـز، ڕێكەوتـی سـەردان: ٢ی تشرینـی یەكـەم، ٢٠٢٣: https://ln.run/Any4q

سـەپان، مەغدیـد (١١ی تەممـووزی ٢٠١٧)، دوو دەنگـی زوڵاڵـی كـورد لـە شـاخ (ڕادیـۆ)، ماڵپـەڕی كوردسـتان٢٤، مێـژووی سـەردان: 10/9/2023: https://rb.gy/cp60a

**ب. بە زمانی عەرەبی:**

هارمـان، كریـس (٦ نیسـان ٢٠١٤)، الصحافـة الثوریـة، ترجمة عـزة خلیـل، موقـع حركـة الاشـتراكیین الثوریـین، تاریـخ الدخـول: ٢٠٢٣/١٠/٥: https://ln.run/TMwB٤

رزق، محمـد (٣ كانـون الأول ٢٠١٥)، أبجدیـات الإعـلام الثـوري، موقـع العـربي الجدیـد (تاریخ الدخـول: ٢٠٢٣/١٠/١): https://ln.run/9DyuH

الحسـناوي، منـیر (تمـوز ٢٠٢١)، كیـف یصنـع المـؤرخ الحـدث التاریخـي، مجلـة لیكسـوس الأكترونیـة، المغـرب، مـج ١، ع ٣٩، ص٩٢-١٠٤ (تاریـخ الدخـول: 7/10/2023): https://ln.run/M15bn

أهمیة كتابة الأحداث التاریخیة في صحیفة آلاي آزادي (١٩٨٨-١٩٨٦) (دراسة تحلیلیة تاریخیة)

**ملخص**

لقـد أدّت الصحافـة الثوريـة، أو كـما أُطلـق عليهـا سـابقاً صحافـة الجبـل، دوراً فاعـلاً في نـشر الوعـي القومـي وتعزيـز روح المقاومـة وتشـجيع أبنـاء الشـعب الكوردسـتاني عـلى الانخـراط في صفـوف الثـوار وسـلك طريـق النضـال والـذود عـن تـراب الوطـن ووجـود الشـعب وهويتـه، ولهـذه الصحيفـة أهميـة بـارزة في توثيـق اللحظـات التاريخيـة والأوضـاع والأحـداث التـي عاشـها شـعب كوردسـتان في خضـم الثـورة.

ولا شـك في أن الصحافـة أسـهمت في بنـاء أرشـيف ضخـم خـلال زمـن الثـورات في كوردسـتان، وإذا مـا نظرنـا إليهـا بعـين الدقـة والتقييـم، فيمكننـا أن نشـهد عـلى أهميتهـا وتأثيرهـا في هـذا السـياق.

ومـن خـلال هـذا المنظـور، كانـت صحيفـة آلاي آزادي (ئـاڵای ئـازادی)، إحـدى الصحـف التـي وجدتهـا تسـتحق الدراسـة، لا سـيّما أن أول دوريـة لهـا سـميت آنـذاك بمرحلـة الجبـل، حيـث صـدرت أول مـرة في المناطـق المحـررة الواقعـة تحـت سـلطة بيشـمركة كوردسـتان في السـنوات (١٩٨٦-١٩٨٨)، إلى جانـب أهميتهـا في واقـع الصحافـة الكورديـة، ابتـداءً مـن تدويـن موقـف الثـورة واسـتراتيجيتها، وصـولاً إلى توثيـق العديـد مـن الأحـداث التاريخيـة لتلـك المرحلـة النضاليـة مـن الحركـة التحرريـة للشـعب الكوردسـتاني.

وقـد أجريـت الدراسـة مـن زوايـا علميـة متعـددة، لتسـليط الضـوء عـلى أهميـة صحيفـة ئـاڵای ئـازادی في تدويـن وكتابـة الأحـداث المتعلقـة بنضـال الحركـة التحرريـة للشـعب الكوردسـتاني، بالإضافـة إلى الـصراع الحـزبي في تلـك المرحلـة المهمـة والحساسـة مـن تاريـخ الثـورة.


**الكلمات المفتاحية:** كتابة، أحداث تاريخية، صحيفة، ئاڵای ئازادی (آلاي آزادي).


## Abstract

Revolutionary journalism, or as it is locally known, 'mountain journalism'. Revolutionary journalism besides playing a significant role in spreading nationalist awareness and feelings among the public as well as raising the spirit of defense and encouraging the Kurdish people to take the path of struggle and defend the land. It has been able to record all the hardships and tragedies that Kurdish people faced.

Working during the era of Kurdistan revolutions, Kurdish journalists have been able to establish a rich archive, which if we look at it carefully and evaluate it, we can testify to its importance and richness.

Alay Azadi Newspaper. As A the main mouthpiece for Iraqi Kurdistan Socialist Party. It's one of the newspapers Worthy of research. The first phase of Alai Azadi newspaper, known as the mountain phase, has its unique significance and it was published in 1988-1986 in the liberated areas under the control of the Kurdistan Peshmerga forces in addition to writing about the situation and strategy of the revolution. It also has recorded several historical events of that period, during Kurdistan people's liberation struggle.

The study also looks at the importance of the newspaper Alai Azadi in recording events related to the struggle of the Kurdistan People's Liberation Movement and guerrilla warfare in this significant and sensitive period of Kurdish revolution.


**Key Wards:** Writings, historical events, newspapers, Alay azadi.